دێموکراسی بۆ ئێران خودموختاری بۆ کوردستان

کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٨١ ٤ی فێوریەی ٢٠٠٣ ژمارە ٣٥٨ ١٥٠ تمەن

ئێران دەبێ لە بواری مافی مرۆڤدا بە خۆیدا بچێتەوە

کریس پاتێن کۆمیسێری پێوەندییەکانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا ڕۆژی دووشەممە ١٤ی ڕێبەندان بەمەبەستی دیدارێکی ٣ ڕۆژە گەیشتە تاران. ناوبراو داوای لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کردوە ئەگەر دەیانەوێ پێوەندیی ئابوورییان لەگەڵ ئەو یەکیەتییە پەرە پێبدەن، دەبێ هەلومەرجی باشتر کردنی وەزعی مافی مرۆڤ پێك بێنن. هەواڵدەرییەکان لە زمانی پاتێنەوە ڕایان گەیاند هەر قسە کردن لەگەل کاربەدەستانی ئێران بەس نیە، یەکیەتیی ئورووپا خوازیاری ئاڵوگۆڕو پێشکەوتن لەو بوارانە دایە کە لێیان نیگەرانە. یەکیەتیی ئورووپا زۆرجار ڕایگەیاندوە کە ئیمزا کردنی ڕێکەوتننامەی بازرگانیو هاوکاری لەگەڵ ئێران بەستراوەتەوە بە باشتر بوونی وەعی مافی مرۆڤ لە ئێراندا و پێشکەوتن لە بوارە سیاسییەکانی دیکە بۆ وێنە مەسەلەی بەرهەمهێنانی چەکی کوشتاری بە کۆمەڵو تیرۆریزم.

سایتی: "اخبار روز"

سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێورەسمی ٥٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا:

بانگی هەموو کوردەکان دەکەین یەکتر بە بوعدی ستراتیژیکی خەباتی خۆیان بزانن نەك دەوڵەتانی مەنتەقەیی!

بە بۆنەی تێپەڕینی پەنجاوحەوت ساڵ بەسەر دامەزرانیکۆماری کوردستاندا، لە کوردستانو دەرەوەی وڵات چەندین ڕێورەسمی سیاسیو فەرهەنگی بەڕێوە چوون.

لە ڕێورەسمێکی تایبەتیدا کە بەم بۆنەیەوە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بە بەشداریی سەدان کەس لە تێکۆشەرانی حیزبو ئەندامانی بنەماڵەکانیان بەڕێوە چوو، سکرتێری گشتیی حیزب وتارێکی پێشکێش کرد.

هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە وتارەکەیدا، وێڕای هێنانە بەرباسیگرنگیی ئەو ڕووداوە مێژوویییە، لە ئەزموونەکانیکۆماری کوردستانو ئەودەرسانە کە دەبێ لەو ڕووداوە مێژوویییە فێریان بین، دوا. پاشان لەسەر هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستانو ئێرانو ئەرکەکانی حیزبی دێموکراتو ئۆپۆزیسیونی ئێرانو پێوەندیی نێوان هێزە کوردستانییەکان قسەی کرد.

لە درێژەی ڕێورەسمەکەدا چەند بەرنامەی هونەری بریتی لە سروود، گۆرانیو شانۆ پێشکێش کران.

لە چەند وڵاتی دەرەوەش ڕێورەسمی تایبەتی بە بۆنەی ٥٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لەلایەن کۆمیتەکانی حیزبو بە بەشداریی کوردەکانی دەرەوەی وڵاتو دۆستانی ئێرانیو ئورووپایی حیزبی دێموکراتو گەلی کورد بەڕێوە چوون کە ڕاپۆرتەکەیان هەر لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی دەقی وتاری سکرتێری گشتیی حیزب لە لاپەڕەکانی ٢و٣ی ئەم ژمارەیەدا ڕادەکێشین.

ڕاگەیەندراو

بە بۆنەی کۆتایی هاتنی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەوە

بە ئاگاداریی هەمووان دەگەیەنین کە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێراوی کۆنگرەی دوازدەهەمی حیزب سەعات ٩ی بەیانیی ڕۆژی یەك شەممە ٢٩ی بەفرانباری ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩ی ژانویەی ٢٠٠٣ی زایینی هەشتەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی زۆربەی هەرە زۆری ئەندامان، جێگرانو موشاویران پێك هێناو پاش پێنج ڕۆژ کاری بەردەوام ئێوارەی ڕۆژی ٣ی ڕێبەندان کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

هەشتەمین پلینۆمی کومیتەی ناوەندی بە ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە یادی ئەو تێکۆشەرانەی حیزب کە ئەم دوایانە، لە زیندانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا شەهید کران، هەروەها بۆ ڕێز گرتن لە یادی تێکڕای شەهیدانی ڕێگای ئازادی کارەکانی خۆی دەست پێ کرد.

لە یەکەم بەشی کارەکانی پلینۆمدا بەرنامەو دەستووری کاری پلینۆم کە لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە پێشنیار کرابوو خرایە بەر چاوی بەشدارانی پلینۆمو پاش باسو لێدوان پەسند کرا. بە دوای پەسند کرانی بەرنامەو دەستووری کاری پلینۆمدا، هاوڕێی تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزب لە لێکدانەوەیەکی سیاسیدا بۆچوونی دەفتەری سیاسیی لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی گشتیی ئێرانو کوردستانو ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لەنێوان دوو پلینۆمی حەوتەمو هەشتەمی کۆمیتەی ناوەندیدا ڕوویان داوە خستە بەرچاوی بەشدارانی پلینۆم. لێکدانەوەی دەفتەری سیاسی زۆر لەو مەسەلانەی لە خۆیدا جێ کردبۆوە کە بە جۆرێك پێوەندییان بە ئێرانو بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستانەوە هەیە.

لە بەشێکی لێکدانەوەکەدا ئاماژە بە هەژاری، نەداریو بێکاریی خەڵك لەلایەكو بێبەرنامەیی، کەمتەرخەمیو بێتوانایی کاربەدەستانی ڕێژیم بۆ چارەسەر کردنی ئەم گیروگرفتانە لەلایەکی دیکەوەو لە ئاکامدا پەرەگرتنی دزی، فەساد، تووشبوون بە "مواد مخدر"و زۆر نەخۆشیو دیاردەی دزێوی دیکە کرابوو کە ژیانیان لە خەڵکی ئێران تاڵ کردوە.

لە لێکدانەوەی دەفتەری سیاسیدا گرنگییەکی تایبەتی بە لاوانو ڕووناکبیران بە گشتیو خوێندکارانی زانستگەکان بەتایبەتی درابوو و ڕێز لە وریایی، لەخۆ بوردوویییو حەرەکەتە ئیعتیرازییەکانی ئەم دوایانەیان گیرابوو کە لەوانەدا دروشمەکانی خۆیان لەبارەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو بناخە فکریو فەلسەفییەکانیەوە بێپەردەو بە ڕاشکاوی دەربڕیو داواکانیان لە چوارچێوەی هێندێ داخوازی سینفیو خوێندکاریدا بەرتەسك نەکردەوە، بەڵکوو داخوازە سیاسی، نەتەوایەتی، کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی گەلانی ئێرانیان هێنایە گۆڕێ.

٢

ڕێژیمی ئێران، دەستووری تەقاندنەوەی ناوەندی جوولەکەکانی ئارژانتینی داوە

دەزگای ئیتلاعاتی ئارژانتین لە دوا ڕاپۆرتی خۆیدا لە بارەی تەقینەوەکەی ناوەندی جوولەکەکانی ئەو وڵاتەوە، ڕێژیمی ئێرانی وەك دەستووردەری ئەو تەقینەوەیە ناو برد. تەقینەوەکە ساڵی ١٩٩٤و لە ساختومانی "ئامیا"دا ڕووی داو بووە هۆی کوژرانی ٨٥ کەس. لەم ڕاپۆرتەدا کە ڕۆژی ٢٢ی ژانویە (٢ی ڕێبەندان) پێشکێشی دەوڵەتی ئارژانتین کرا، حیزبوڵڵای لوبنانیش وك هاودەستو هاوکاری ئێران لەو تەقینەوەیەدا ناوی هاتوە.

سایتی: بازتاب

سەرکۆماری ئەمریکا:

حکوومەتی ئێران خەڵکی وڵاتەکەی خۆی سەرکوت دەکا

جۆرج دەبلیۆ بووش سەرکۆماری ئەمریکا لە کاتی پێشکێش کردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی بەکۆبوونەوەی هاوبەشی مەجلیسەکانی سەناو کۆنگرەدا، سیاسەتی وڵاتەکەی لە زۆر بوارو یەك لەوان ڕێژیمی ئێراندا، ڕوون کردەوە.

بووش لەو بارەوە گوتی: "لە ئێران ئێمە هەروا شاهیدی لەسەر کار بوونی حکوومەتێکین کەخەڵکەکەی خۆی سەرکوت دەکا، هەوڵی وەدەستهێنانی چەکی کوشتاری بەکۆمەڵ دەداو پشتیوانی لە تیرۆریزم دەکا. ئێمە شاهیدین کە دانیشتووانی ئێران سەبارەت بە داوا کردنی ئازادیو مافی مرۆڤو دێموکراسی، لەگەڵ هەڕەشەو سەرکوتو مەرگ بەرەڕوو دەبن." سەرکۆماری ئەمریکا هەروەها گوتی: ئێرانییەکانیش وەك هەموو خەڵکی جیهان مافی ئەوەیان هەیە بۆخۆیان دەوڵەتی خۆیان دیاری بکەنو لە بارەی چارەنووسی خۆیانەوە بڕیار بدەن. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانی لە ئامانجی ئەوان لەبارەی گەیشتن بە ژیانێکی ئازاد دەکا."

لە ماوەی ٥ ساڵدا لە پیرانشار

ژمارەی موعتادان لە ٣ کەسەوە بووە بە ٣٠٠ کەس

محەمەد عەلی پەرتەوی، فەرمانداری پیرانشار لە دووهەمین سیمیناری ڕێگاکانی پێشگیری لە ئیعتیاد بە مەوادی موخەددیر لەو شارەدا ڕایگەیاند: ژمارەی موعتادانی ئەو شارستانە لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوودا لە ٣ کەسەوە بووە بە ٣٠٠ کەس. ناوبراو ڕووکردنی قاچاقچییەکانی مەوادی موخەددیرو ڕایەڵکەکانی ئەو جۆرە ماددانە لە پیرانشارو، هەڵکەوتی ئەو شارە لەسەر سنووری وەك هۆی پەرەگرتنی ئیعتیاد ناو بردو هیواداریی دەربڕی کە بە هاوکاریی خەڵك و دەزگا پێوەندیدارەکانو بەرەو ژوور چوونی فەرهەنگی گشتی، پێشی پەرەگرتنی ئعتیاد لە پیرانشار بگیرێ.

دەزگا پێوەندیدارەکان کە فەرمانداری پیرانشار داوای هاوکارییان لێ دەکا، بۆخۆیان زیاتر لەهەر هۆکارێکی دیکە نەخشیان لە پەرەپێدانی کرینو فرۆشتنو کێشانی مەوادی موخەددیر لە کوردستاندا هەیە. "ئیتلاعات"، هێزی ئینتیزامی، سوپای پاسداران، زیندانەکانو زۆر دامو دەزگای دیکەی ڕێژیم بە پێی بەرنامەو بەمەبەستی کز کردنو تێك شکانی وەرەو ئیرادەی خەباتگێڕانەی لاوانی کورد، ئەو جۆرە ماددانە لە کوردستان بڵاو دەکەنەوە. ئەوەش ڕاستییەکە کە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان دەرکەوتوە.

سایتی: "پیك ایران"

لەم ژمارەیەدا

کۆبوونەوەی شووڕای ئەنتێرناسیونالی سۆسیالیست لە شاری ڕۆم ٤

ڕێورەسمەکانی ٥٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لەدەرەوەی وڵات ٥

ڕاپۆرتی سیاسیی دەفتەری سیاسی بۆ پلینۆمی هەشتەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب ٨

پەڵەیەکی ئەبەدی بە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامییەوە ١٠

راگەیەندراوی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی کۆتایی هاتنی پلینۆمی کومیتەی ناوەندییەوە

پاشماوەی لاپەڕە١

باس لە تەریك مانەوەی زیاتری کۆماری ئیسلامیی ئێرانو هۆیەکانی دەرەوەییو نێوخۆیی ئەم تەریك مانەوەیە تەوەرەیەکی دیکەی باسو لێکدانەوەکە بوو.

لە هەڵسەنگاندنو لێکدانەوەی دەفتەری سیاسیدا پێش بینی کرابوو کە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تواناو نێوەرۆکیدا نیە داخوازە ڕەواکانی خەڵکی ئێران وەدی بێنێ، بە شێوەیەکی بەربڵاوتر پەنا بۆ بەکارهێنانی زەبرو زەنگ، ڕاونان، گرتنو زیندانی کردنو تەنانەت ئێعدامی ئازادیخوازانی ئێران دەبا.

وەزعی ئێستای ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی لە لێکدانەوەی دەفتەری سیاسیدا سەرنجێکی تایبەتیی پێدرابوو و خاڵی موسبەتی تێدا بەدی کرابوو. لەو پێوەندییەدا ئاماژە بەوە کرابوو کە گومانی پێك هاتنی ئاڵوگۆڕ بە قازانجی خەڵك لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا کە لە بەشێك لە ڕێکخراوەکانو کەسایەتییەکانی ئۆپوزیسیۆندا پێك هاتبوو ڕەویوەتەوەو دەکرێ بڵێین ئومێد بەستن بە قۆڵێکی نێو دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی کۆتایی پی هاتوە. ڕێکخراوەکانی ئۆپوزیسیون ناسك بوونی هەلومەرجی ئێستا تێدەگەنو هەموو ئەوانەی هەست بە بەرپرسایەتی دەکەن لە هێرشی نارەوای تەبلیغاتی بۆ سەر یەکتر خۆ دەبوێرنو لەوەش گرنگتر هەوڵی لێك نیزیك بوونەوەو هاوکاری کردن لەگەڵ یەکتر دەدەن. لەو پێوەندییەدا ئەرکو بەرپرسایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانو ئەو چاوەڕوانییانەی کە لەو بارەیەوە لەو حیزبە هەیە بەڕوونی ئاماژەیان پێکرابوو و ڕێوشوێنو بەرنامەی شیاوی بۆ لەبەرچاو گیرابوو.

پێویستیی چالاکتر کردنی ڕیزەکانی حیزبو ئامادە کردنی کادرەکانو ئەندامانو لایەنگرانی حیزب بۆ پێشوازی کردن لەو ئەرکو بەرپرسایەتییانە کە قۆناخی تازەی خەبات دەیان خاتە سەرشانیانو هەموو تێکۆشەرانی حیزب لە هەر جێگایەك کە هەن دەگرێتەوە، لایەنێکی دیکەی لێکدانەوەکەی دەفتەری سیاسی بوو.

یەکێك لەو ئەرکانە کە بە پێی لێکدانەوەکە، دەکەوێتە ئەستۆی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، هەوڵدانە بۆ پێکهاتنی یەکیەتییەکی بەرین لەگەڵ هێزە سیاسییە دێمۆکراتەکانی ئۆپوزیسیۆنی ئێرانو بەتایبەتی لێك نزیك بوونەوەی ئەو گرووپە سیاسییانە کە نوێنەرایەتیی یەکێك لە گەلانی بەشخوراوی ئێران دەکەن.

جیا لەو باسو بابەتانە کە ئاماژەیان بۆ کرا، لێکدانەوەکە لە پێوەندی لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای ئێرانو کوردستاندا کۆمەڵێك مەسەلەی گرنگی دیکەی بە ڕوونی تێدا جێکرابۆوە کە هەموو ئەو باسو مەسەلانەو بە گشتی لێکدانەوە سیاسییەکەی دەفتەری سیاسی بە زوویی لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستنای ئێرانەوە بڵاودەکرێنەوە. ئەم لێکدانەوەیە کە وەك بۆچوونی دەفتەری سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی ئێستای ئێرانو کوردستاندا پێشکێشی هەشتەمین پلینومی کومیتەی ناوەندی کرا، پاش باسێکی تێرو تەسەل لەلایەن بەشدارانی پلینومەوە، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەی کاری پلینومدا ئاڵۆزییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەوتنە بەر باسو کومیتەی ناوەندی وێڕای پێداگرتن لەسەر پێویستیی ئامادەیی بۆ بەرەنگار بوونەوەی هەر پێشهاتێکی نالەبار، ئاواتی خواست کە هەموو گیروگرفتو ناکۆکییەکانی ئەم ناوچەیە لەڕێگای ئاشتیخوازانەوە چارەسەر بکرێنو مەترسی شەڕو ماڵوێرانی لەسەر گەلانی ناوچە وەلا بکەوێ.

پلینۆم لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکانی کاری خۆیدا چەند مەسەلەی پێوەندیدار بە کاری ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی حیزبی خستە بەر باسو لە پێوەندی لەگەڵ هەر کام لەواندا نەزەرو ڕاسپاردەی تایبەتیی خۆی بە دەفتەری سیاسی دا.

پلینۆم پاش ڕاپەڕاندنی هەموو ئەو کارانەی کە لە بەرنامەو دەستووری کاریدا بوون ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە ٣ی ڕێبەندان کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

دەفتەری سیاسیی
حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران
١٣٨١/١١/٤ هەتاوی
٢٠٠٣/١/٢٣ زایینی

دەقی وتاری سکرتێری گشتیی حیزب هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵلا حەسەنزادە، لە ڕێوڕەسمی دووی ڕێبەندان‌دا

خوشك‌و برا بەڕێزەکان!
هاوڕێیانی خۆشەویست!

لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پیرۆزبایی‌یەکی گەرم بە ئێوەو بە هەموو خەڵکی کوردستانی ئێرانو بە هەموو ڕێبوارانی ڕێگای دووی ڕێبەندانو ئاواتە پیرۆزەکانی دووی ڕێبەندانو بە هەموو کوردێك لە هەموو جێیەکی ئەم جیهانەدا عەرز دەکەم. لێرەدا ئیزن لە هەمووتان دەخوازم پیرۆزبایی‌یەکی تایبەتی تێکەڵ بە خۆشەویستی پێشکەشی ئەو لاوە خوێن گەرمو تێکۆشەرانە بکەم کە هەر ئێستێ لە نێوخۆی وڵاتدا، مەشخەڵی دووی ڕێبەندانیان بەرز ڕاگرتوە.

کۆماری کوردستان جمهووری‌یەکی بێوێنە لە ناوچەدا

پەنجاو حەوت ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا بۆ یەکەمجار لە مێژووی تازەی گەلی کورددا، حکوومەتێکی میللی، بەڵام ئەمجارەیان لە شێوەی کۆماریدا بە دەستی بە توانای پێشەوای نەمری حیزبی دیموکراتی کوردستان قازی محەممەد دامەزرا. ئەو ڕووداوە، ڕووداوێکی زۆر گەورەی مێژوویی نەك هەر بۆ میللەتی کورد، بەڵکو بۆ هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو. ئەگەر چاو بە مێژوودا بخشێنین، لەو کاتەدا لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ئێمە شاهیدی حکوومەتێکی جمهووریی ـ بەو شێوەیە ـ نەبووین.

دووی ڕێبەندان ئاواتی گەلی کوردی لە بەشێکی هەرچەند چکۆڵەی کوردستاندا وەدی هێنا. چارەنووسی خەڵکی کوردستانی دایە دەست نوێنەرانی خۆیان. ڕێبەرایەتیی بزووتنەوە کەوتە دەست حیزبێك کە لە قووڵایی کۆمەڵی کوردەواری‌یەوە بە هەموو چینو توێژەکانیەوە هەڵقوڵیبوو.

دەسکەوتی کۆماری کوردستان زۆرن. ئەزموونەکانیشی یەکجار زۆرن. زۆریشیان لە سەر نووسراوە. ئەهمییەتیشیان هەتا دێ هەر زیاد دەکاو کافی‌یە ئەوەندە بڵێین کە ئێستاش پاش تێپەڕینی ٥٧ ساڵ لە دامەزرانی کۆماری کوردستان، گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا خەباتەکەی‌و قوربانی دانەکەی لە پێناوی زیندووکردنەوەی سەربەرزی‌و شانازی‌یەکانی دووی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی دایە.بەڵام لێرەدا پێم خۆشە یەك دوو خاڵی گەورەو بەرچاو لە ئەزموونەکانی کۆماری کوردستان زەق بکەمەوە.

یەکەمیان ئەوەیە کە کۆماری کوردستان، ڕەمزو نوێنگەی یەکیەتی‌و یەکپارچەیی بوو لە لایەك لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا و بە لای دیکە لە نێوان خەڵکی ئێرانێ بە هەموو میللەتەکانیانو بە هەموو بیرو بۆچوونە سیاسی‌یە دێموکراتی‌یەکانیانەوە. ئەوەندە بەسە کە بزانین لە ڕۆژی دوو ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤دا، نوێنەرانی هەموو بەشەکانی کوردستان، لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد ئامادە بوون و شاهیدی لە دایك بوونی یەکەم حکوومەتی کۆماری لە تاریخی میللەتی خۆیاندا بوون. ئەوە کە خەڵکی کوردستان لە هەموو بەشەکانەوە ڕوویان تێدەکرد نیشانەی ئەوە بوو کە هەم ئەوانەی کۆماری کوردستانیان دامەزراندبوو، خۆیان بە بەشێك لە میللەتی کورد دەزانی‌و هەم بەشەکانی میللەتی کورد بە چاوی هیواوە دەیانڕوانیە کۆماری کوردستانو هەر وەکوو بە حەق گوتراوە، مەهابادی پێتەختی کۆماری کوردستانیان وەك قیبلەگای هیوا تەماشا دەکرد. ئەو فیداکاری‌یە، ئەو خزمەتو گیانبازی‌یە کە ڕۆڵەکانی میللەتی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە هاتن و لە کوردستانی ئێران دا کردیان ، نیشانەیەکی بەرچاوی ئەوەیە، بە تایبەتی لە هەموو موناسەبەتێکی مێژوویی‌دا جێی خۆیەتی بە تەئکیدەوە پێ لە سەر نەخشێکدا بگرین کە بارزانی‌یەکان بە سەرۆکایەتیی مەرحوومی مەلا مستەفای بارزانی لە کوردستانی ئێران دا یاریان کرد.

دۆستانو دوژمنان لە سەر کۆماری کوردستان قسەیان کردوە. کۆماری کوردستان نیشانەی وشیاری‌و ژیریی ڕۆڵەکانی‌میللەتی کورد بوو لەو بەشەی کوردستاندا کە توانیان لە هەلومەرجێك کە بۆ کورد ڕەخسابوو، کەڵك وەربگرنو بەشێك لە ئاواتەکانیان بێننە دی. ئەو بەیتو باوە کە وەدوا کۆماری کوردستانیان خست کە گۆیا بە دەستی بێگانە دامەزراوەو دەستکردی بێگانەیە، هیچ وەختێك نەی‌توانیوە توسقاڵێك لەو ڕاستی یە کەم کاتەوە.

بەشی دووهەمی ئەو هاوپێوەندی‌یە ئەوە بوو کە لە نێوان ئێرانی‌یەکاندا هەبوو. دەزانین کە هەر لە تەنیشتی کۆماری کوردستان، حکوومەتێکی دیکەی میللی لە ئازەربایجان دامەزرا بوو.هەرچەندە ئەو حکوومەتە ناوی کۆماری لە سەر دانەنرابوو ـ کە زۆر جار ئەویش بە کۆماری ئازەربایجان ناو دەبەن ـ بەڵام ئەویش ناوی تایبەتیی لە سەر خۆی دانابوو: "حکوومەتی میللیی ئازەربایجان". (آذربایجان ملی حکومتی). پەیمانی هاوکاری‌و دۆستایەتیی نێوان حکوومەتی میللیی ئازەربایجان لەگەڵ کۆماری کوردستان، جەبهەی موشتەرەکی هێزە سیاسی‌یەکانی ئەو دەمی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستان، فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، حیزبی تودەی ئێران، حیزبی سۆسیالیست نیشانەی ئەوە بوو کە کۆماری کوردستان ڕەمزی هاوپێوەندیی نێوان ئێرانی‌یەکانیشە.

بە بێ ئەوەی لە ئەهمییەتی هاوخەباتیی خەڵکی ئازەربایجان بە تایبەتی‌و بە گشتی ئێرانی‌یەکان کەم بکەینەوە، دەبێ بڵێین ئەگەر کۆماری کوردستان ناکام مایەوەو جوانەمەرگ بوو، لە بەر ئەوە بوو کە بە داخەوە هەموو لایەنەکانی جەبهەی نیشتمانیی ئەو وەختی ئێران، نەیانتوانی وەکوو کوردستانو وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەرکەکانیان بە جێ بگەیەنن‌و بە وەخت و بە مەوقع فریای کۆماری کوردستانو حکوومەتی میللیی ئازەربایجان بکەون کە دوچاری شکستو ڕووخان نەبن. ئەو دەرسە بەنرخانە کە لە کۆماری کوردستانیان وەردەگرین، حیزبی دێموکراتی وەکوو دامەزرێنەری کۆماری کوردستانو ئێستا وەکوو میراتگری شانازی‌یەکانی کۆماری کوردستان هەر پێیان وەفاداره.

ئێستاش ئێمە بە هەموو توانامانەوە حازرین لە هەر دووکی ئەو دوو بەرەیەدا هاوکاری و هاوپێوەندی بکەین. لەگەڵ کوردەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان تا ئەو جێیەی ئیمکانی هەیە، تا ئەو جێیەی نابێتە دەست تێوەردان لە کاروباری یەکتر، تا ئەو جێیەی نابێتە دەست تێوەردانی کاروباری وڵاتانو وەزعییەتی ناوچەیی ناشێوێنێ، ئێمە ئامادەین هاوکاری بکەینو ئەو هاوکارییە بە پێویست دەزانین، بە ئەرکی دەزانین، نەبەوە کە گۆیا منەتمان لە سەر کەس داناوە. لە نێوخۆی ئێرانیشدا هەروا ئێمە، ئامادەین بۆ ئەوپەڕی هاوکاری لەگەڵ هەموو ئەو هێزە نیشتمانی‌یانە کە باوەڕیان بە ئازادی هەیەو بە باوەڕوە و بە ئیرادەشەوە بۆ ئازادی لە ئێرانیدا تێدەکۆشن، بە بێ ئەوە هیچ "توهم"ێکیان هەبێ لە سەر ئەوەی داخوا جمهووریی ئیسلامی ڕەحمیان پێدەکاو بەشێك لە ئازادی‌یەکانیان پێدەدا یا نا. ئەمڕۆ زەمینە بۆ ئەو کارە لە ئێراندا زۆر ئامادەیە. بە خۆشی‌یەوە بۆ بەشەکەی ئەوەڵیش زەمینە هەر ئامادەیە. هەلومەرجی مەنتەقەیی، هەلومەرجی نێونەتەوەیی، هاوپێوەندیی دونیای پێشکەوتوو، بەشەرییەتی پێشکەوتنخوازو عەدالەتخواز لەگەڵ گەلی کورد لە لایەکو لەگەڵ گەلانی ئێرانو خەڵکی ئێران لە لایەکی دیکەوە، زەمینەی بۆ هەر دووکی ئەوانە خۆش کردوە.

ئامادەیی‌و بانگەواز بۆ یەکیەتی‌و هاوکاری

ئێمە پێمان خۆشە لەم تریبوونەوە بانگی هەموو کوردەکان بکەین بۆ ئەوەی چەندی مومکینە، مەسڵەحەتی یەکتر بە بێ ئەوەی مەسڵەحەتی خۆیان بخەنە خەتەرەوە و مەسڵەحەتی بزووتنەوەی کورد بە گشتی بپارێزنو لێك نزیك بنەوە، دۆستی ڕۆژی تەنگانەی یەکتر بن، یەکتر بە"بعد"ی ئیستراتیژیکیی خەباتی خۆیان بزانن، نە دەوڵەتانی‌مەنتەقەیی.

لە نێوخۆیی وڵاتدا هەلومەرج ئامادەتره، "مشتەرکات" لە بەینی ئێمەو هێزە سیاسی‌یەکانی ئێرانیدا ـ ئەوانە کە بە ڕاستی هێزی سیاسین، بە ڕاستی خوازیاری ئاڵوگۆڕن لە ئێراندا ـ یەکجار زۆرە. وەدیهێنانی ئازادی بە مانای تەواوی کەلیمەو بە مانای مەعقوولی کەلیمە. ئازادی‌یەك کە زیانی بۆ ئازادیی کەسانی دیکە نەبێ، بەڵام تا ئاخر "حدود". تەنیا ئەوندە دەبێ ئازادی "محدود" بێ کە ئازادیی خەڵکی دیکە دەخاتە خەتەرەوە، دەنا لەوەبەولاوە دەبێ ئازادی بۆ هەمووان هەبێ. حقووقی بەشەر، نەك حقووقی بەشەری ئیسلامی. حقووقی بەشەر، حقووقی بەشەرە، یانی بەشەر وەکوو ئینسان لە هەر جێیەکی بێ، هەر دینێکی هەبێ، هەر ڕەنگێکی هەبێ، هەر جنسێکی هەبێ، دەبێ لەو حەقانە ئیستیفادە بکا. ئەوە بەشێکە لە "مشتەرکات"ی ئێمە. تەئمینی مەنافیعی چینو توێژە هەژار و زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵی ئێران، تەئمینی ئایندەیەکی باشتر بۆ لاوانی ئێران کە ئەمڕۆکە سەدی شەست زیاتری کۆمەڵگای ئێران پێك دێنن. تەئمینی بەرابەریی ژن و پیاوان کە بە تایبەتی ژنان لە هەلومەرجی ئێستادا

دەبێ بڵێین ئەگەر کۆماری کوردستان ناکام مایەوەو جوانەمەرگ بوو، لە بەر ئەوە بوو کە بە داخەوە هەموو لایەنەکانی جەبهەی نیشتمانیی ئەو وەختی ئێران، نەیانتوانی وەکوو کوردستانو وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەرکەکانیان بە جێ بگەیەنن‌و بە وەخت و بە مەوقع فریای کۆماری کوردستانو حکوومەتی میللیی ئازەربایجان بکەون کە دوچاری شکستو ڕووخان نەبن.

←

بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

مەشخەڵداری خەباتی زیددی کۆنەپەرستیو زیددی دواکەوتووین.

زۆر لەو هەدەفانە کە رەنگە پێویست نەبێ لێرەدا هەموویان باس بکەین، "مشترکات"ێکن کە لە بەینی ئێمەو هەموو هێزە ئازادیخوازەکانی ئێراندا دەبینرێن، بەڵام لە هەموویان بەرجەستەتر شتێکە کە لە کۆماری کوردستانیشدا هەبوو. ئەویش زیندوو بوونەوە ،بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتی لە هەموو میللەتانی زۆرلێکراوی ئێران دا. ئەمڕۆ شعووری نەتەوایەتی لە نێو گەلانی زۆرلێکراوی ئێراندا گەیشتۆتە ئەو جێگایە کە ئیدی کۆنەپەرستیو ئیستیبداد نەتوانێ ئەوەی بە مانای جیاوازیخوازی لە قەڵەم بدا. ئەو بەیتو باوە کە لە زەمانی جمهووریی کوردستانەوە هەتا ئێستا کۆنەپەرستانو شۆڤینیستەکان بۆ بزووتنەوەی کوردیان هەڵبەستوە. ئەمڕۆکە ئیدی داخوازی میللی داخوازی نزیك بە سەدی شەستی جامیعەی ئێرانە. جگە لەوەش کە لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا، داخوازی نەتەوایەتی، داخوازێکە کە ئەو دنیایەی هەژاندوەو بۆتە "محور"و بۆتە "معیار" بۆ دەوڵەتانێك کە ئیددیعای ئەوە دەکەن تەرەفداری حەقو عەدالەتو دێموکراسین.

دەبێ هاوکاریمان لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی مەیدانی تێکۆشان بەهێزتر بێ

مەسەلەیەکی دیکە کە هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەزموونەکانی کۆماری کوردستان دا، لێرەدا دەمەوێ زەقی بکەمەوە، "اعتماد" بە خۆیەو هەوڵدانە بۆ یەکیەتیو یەکریزیو ئیرادەیەکی پتەو لە موبارزە و لە تێکوشان دا. گوتمان جمهووریی کوردستان بە وشیاریی رۆڵەکانی گەلی کورد کە ئیستیفادەیان لە هەلومەرجەکە کرد، دامەزرا. بەڵام ئیدی سەحیح نیە ئێستا کە ئەوەیان ئاکامی وشیاریی ئەوانە، خەتای ڕووخانەکەی بخەینە سەر شانی ئەمو ئەو. بە بێ ئەوەی یەك زەرەر لە شانازیمان بۆ دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان کە خۆمانین، حیزبەکەی خۆمانە، ئیفتخارەکەی ئی خۆمانە، بە بێ ئەوەی لەوە کەم بکەینەوە، دەبێ بڵێین حیزبەکەمان ساوا بوو، کۆمەڵەکەمان پێنەگەیشتبوو، نەمان توانی خۆمان لە سەر پێ ڕابگرین. بۆیە پشتیوانیی خارجی کە بە پێی مەنافعێك هاتبوو ببوو بە پشتیوانی ئێمە ، بە پێی منافعێکیش ڕۆیشت، کە ئەو ڕۆیی ئێمەش دەستمان لە هەموو شتێك بەردا. جاری دیکە گوتراوەو ئەمن بۆ یەکەمجار نایلێم، تەجروبەی "مقاومت"ی بارزانییەکان نیشانیدا ئەگەر بزووتنەوەی کورد لە ئێراندا و حیزبی دێموکراتی کوردستان خاوەنی هێزێکی بە ئیرادە بایە، "مقاومت" مومکین بوو. کەوابێ دەبێ ئەمڕۆکە سەعی بکەین لە پێشدا، لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ڕیزەکانمان، پتەوتر، ئیرادەکەمان پتر پتەوتر بکەین. پاشان هاوکاریمان، یەکیەتیمان لە مەرحەلەی یەکەمدا لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکەی مەیدانی تێکۆشانی خەڵکی کوردستان بەجیاوازیی ئەندازەی حەجمیانو بیر باوەڕیانەوە، بەهێزتربکەین و لەوانەش زیاتر لەگەڵ سەرتاسەری بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئێران، سەعی بکەین ئەو هاوپێوەندییە پێك بێنین، زەمینە موساعیدە، هەلومەرجی تاریخی و زەمان لە قازانجی گەلانی ئێرانو یەك لەوان گەلی کورد دایەو بە زەرەری کۆماری ئیسلامیو ئەو حکوومەتەیە کە بە ناحەق بە ناوی خودا بە سەرمانیاندا سەپاندوە.

لە بارەی بازاڕی کەسادی هەڵبژاردنی شووراکانەوە هاوڕێیانی خۆشەویست!

پێم خۆشە لێرەدا ئەو بەشە بە جێ بێڵمو باسی مەسەلەیەك بکەم کە ئەمڕۆ لە وڵاتەکەماندا لە پێشدایە.دەزانین کە تا چەند هەفتەی دیکە لە کوردستانو سەراسەری ئێراندا ئینتیخاباتی شووڕاکان دەست پێدەکا. هەڵوێستی حیزبی دێموکرات لەو بارەیەوە لە مێژە بڵاوکراوەتەوە لە ڕادیۆ، لە ڕۆژنامەو لە سایتی ئینتێرنێت و لە هەموو وەسیلەکانی تەبلیغاتیدا. بەڵام دیسانەوە پێمان خۆشە لە سەر ئەوە بدوێن.

ئەو خەبەرانەی لە کوردستانەوە دەگەن، لە شارە جۆراوجۆرەکانەوە، دوو شتیان لێدەردەکەوێ: یەکەم ئەوە کە ڕێژیم بە هەموو ڕێگایەکدا ئەوەی پێی دەڵێن ڕێگای زۆرو خوایشت، یان "زر و زور" هەوڵدەدا چەندی بکرێ بازاڕی "کساد"ی ئەو ئینتیخاباتە وەڕەونەق بخا.دەزانین کە بازاڕەکە زۆر "کساد"ە. ژمارەی کاندیداکان لە سەتحی سەراسەری ئێراندا کەمتر لەژمارەی ئەو کەسانەیە کە دەبێ بین بە ئەندامی شووراکان. ئەوە نیشانەی ئەوپەڕی "بی‌اعتمادی" و "بی‌تفاوتی"ی خەڵکی ئێران بە جمهووریی ئیسلامیو ئەو ئینتیخاباتەیە. ئەوە بۆچی؟ چونکێ لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا جمهووریی ئیسلامی بە هەمووانی نیشانداوە کە ئیدی لەو حکوومەتەدا ئیمکانی بەکاربردنی دەسەڵاتی خەڵك نیە. ئەوانەی نوێنەری خەڵکن، ئەوانە ناتوانن دەسەڵات بەڕێوەبەرن، بەڵکوو دەسەڵات بە دەست ئەو کەسانەوەیە کە ئینتیخابی خەڵك نین یەقینەن، ئینتیخابی خوداش نین، بەڵام خۆیان بە مونتەخەب و نوێنەری خودا لە سەر ئەرز دەزانن.

کەوابێ وەختی ئەوەیە کە خەڵك ئەو "توهم"انە لە خۆی دوور بخاتەوە. بە ئومێدی ئەوەی کە گۆیا کاروبارمان دەکەوێتە دەست خۆمان (کە ئەوە شتێکی باشە)، بەشدار نەبن. جەنبەی دووهەمی خەبەرەکان ئەوەیە کە هێندێك کەس خۆیان "کاندید" کردوەو "رقابت"ێکی "ناآگاهانە" کەوتوتە نێوان خەڵکەکە و هەر کەسە سەعی دەکا مەسەلەن خزمەکەی خۆی و دۆستەکەی خۆی سەربکەوێ.

باشە لێرەدا بە هەموویان بڵێین، هەموو بزانن لەو ئینتیخاباتەدا بە تایبەتی ئەگەر ڕەونەقی پێبدەن هەر کەس هەڵ بژێرێو هەر کەس هەڵنەبژێرێ "برندە" تەنیا یەکێکە ئەویش جمهووریی ئیسلامییە، ئەوانی دیکە دۆڕاندوویانە. لە ئینتیخاباتی پێشوودا (دەورەی ئەوەڵی شووڕاکان) ئێمە وەك حیزبی دێموکرات بەشدار نەبووین، بەڵام داوامان لە خەڵك کرد کە بەشدار بن. ئەوە لە بەر چی بوو؟ چونکە ئێمە باوەڕمان وابوو کە ئەگەر چووکترین دەرەتان هەبێ بۆ ئەوەی خەڵك بتوانێ کاروباری خۆی بە دەستەوە بگرێ ـ تەنانەت لە کوێرە دێ چووکەکانیشدا بێ ـ دەبێ ئەو کارە بکرێ. هەروەکوو لە ئینتیخاباتی مەجلیسی شەشەمیشدا ئەو داوایەمان لە خەڵك کرد، بەڵام ئێستا شتێکی دیکە دەڵێین. ئەوە ڕەنگە زاهیرەن هێندێك ناتەبایی تێدا بێتە بەرچاو.

ئەو ڕۆژانە یا بڵێین لەم یەك دوو هەفتەیەی ئەخیردا هێندێك شتمان دیوە کە ئەمڕاو ئەولا نووسیویانە، جارێك بە دۆستایەتیو بە "حمایت" لە حیزبی دێموکرات، جارێك بە "مخالفت" لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کە حیزبی دێموکرات جاران بەشدار بووەو داوای بەشداریی کردوەو ئێستا داوا دەکا بەشدار نەبن. یەکێك زۆر ماشەڵلا "شۆڕشگێڕانە" ئیددیعا دەکا کە حیزبی دێموکرات گەڕاوەتەوە "جبهە"ی خەڵك. یەکێکی دیکەش پێشوازی دەکا وەکوو "موضع"ێکی تازە.

پێم خۆشە لەوبارەوە بەوانیشو بە هەر کەسێکیش کە ئیحتیمالەن نەزانێ، بڵێم کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەوە نیە کە ئێستا ڕێگای خەباتی پێنیشان بدرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو ئیفتیخارەی هەیە کە لە ڕیزی پێشەوەی ئەوانە دابووە کە جمهووریی ئیسلامیمان بە "ماهیت"ی خۆیەوە ناسیوە، بەڵام لەعەینی حاڵدا خەباتی سیاسیی کردوە. خەباتی سیاسی هونەری خۆی هەیە. ئەو ڕۆژە کە ئێمە شوعاری ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییمان هەڵگرتوە، ئەو ڕۆژە زۆر لەوانەی کە ئەمڕۆکە شوعاری دیکە دەدەن، وجوودیان نەبوو، زۆریش لەوانە خۆیان بۆ جمهووریی ئیسلامی بە کوشت دەدا. تەنانەت زۆر لەوە پێشتریش ئەوە خەڵکی کوردستان بوو لە یەکەم هەنگاودا ڕەئیی دان بۆ جمهووریی ئیسلامیو ئەساسەن شیرکەت کردن لە ڕەئیی دان بۆ جمهووریی ئیسلامییاندا تەحریم کرد، لە ڕێفراندۆمی ١٠و ١١ خاکەلێوەی ١٣٥٨دا.

بەڵام وەکوو گوتمان ئێمە سیاسیین. لە سیاسەتدا شوعارێکی ئیستراتژیك هەیە لە چوارچێوەی ئەو ئیستراتژیەدا، حیزبێکی سیاسی یا بزووتنەوەیەك دەتوانێ زۆر تاکتیکی جۆراوجۆر بگرێتە پێشێ. وەختێك دیومانە لە ئینتیخاباتی دەورەی شەشەمی مەجلیسدا، دوو جەناح یا قۆڵی نێو دەسەڵات، لە بەرامبەر یەکدا ڕاوەستاون، ئیمکانی ئەوە هەیە کە خەڵك ڕەئیی خۆیی بدا، ـ هەرچەند ئینتیخابات ئازاد

+ نیە، هەرچەندە کاندیداتۆڕی ئازاد نیە، پاڵۆێنەکە هەر لە کاردایە، بۆ ئەوە ئەوەی کە پێیان خۆش نەبوو، لای بەرن ـ بەڵام زەمینەیەك پێك هاتوە، ئێمە داوامان لە خەڵك کردوە بە دوور لە ململانێی نێوان قۆڵەکانی "حاکمیت"، کاندیدای خۆیان "معرفی" بکەنو سەعی بکەن نوێنەرانی خۆیان بنێرنە مەجلیس.دەنا هەر لەوێدا گوتومانە فکری ئەوە کە داخوازییەکانی میللەتی کورد یا ئازادیو دێموکراسی لە ئێراندا لە چوار چێوەی جمهووریی ئیسلامیدا وەدی دێن، ئینتزارێکی بێهوودەیە، بەڵام مادام دەکرێ لە سەنگەرێکدا پاشەکشە بە دیکتاتۆری بکەی، دەبێ بیکەی.

ئینتیخاباتی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی نیشانیدا کە ئەوە ڕاست بوو، چونکە مەجلیسێك هەڵبژێرا کە بە هیچ جۆر دڵخوازی دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی ئێران یا ئی ئەو وەختی ئێران نەبوو. لە کوردستانیش هەر ئەوەندە بەسە کە دیمان لە سەراسەری حەوزەکانی ئینتیخاباتی دا لە یەك جێگا نوێنەری دەورەی پێنجەم هەڵبژێرا، دەنا لە هەموویان گۆڕانە، مانای ئەوە بوو کە خەڵك توانیبووی ڕەئیی خۆی بدا. ئێمە ئێستاش لەوەی کە ئەو کارەمان کردوە پەشیمان نیین، چونکە ئەوە نیشاندانی خۆشەویستی، نفووزو قووەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بە جمهووریی ئیسلامی. چونکە خەڵك بە ئیعترافی خۆیان [کار بەدەستانی ڕێژیم] زۆر "فعالانە" بەشدار بوون، لە بەرئەوەی حیزبی دێموکرات گوتبووی‌و کەسانێکیان هەڵبژارد کە پاوانخوازانی نێو دەسەڵات بە هیچ جۆرێ نەیاندەویست. ئەو قۆڵەی دەسەڵاتیش کە گۆیا سەرکەوتن، ئیستیفادەیان لە "موقعیت"ەکە کرد راستە، بەڵام ئەو کەسانەی لە کوردستان هەڵبژێرابوون یا ڕەئیان پێدرابوو، بۆ ئەوە بوون کە بۆخۆیان هەبن، نەك بۆ ئەوەی ئەوان بە قووەت کەن، چونکە "مستقل" لە هەر دووکیان خەڵك ڕەئیی خۆیان پێ دابوون.

ئێمە بە شتێکی "مثبت"ی دەزانین کە ئێستا لە مەجلیسی ئێراندا مەجموعەیەك هەن بە ناوی "فراکسیون نمایندگان کرد". . ئەوە ڕاستە دوژمن بۆ فریو ئیستیفادەی لێ دەکا، بەڵام عەلاڕەغمی ئەوەی کە ئەوان دەیانەوێ بڵێن لە ئێراندا شتێك بە ناوی مەسەلەی کورد نیە، دەردەکەوێ کە نەخێر کورد هەیە، فراکسیۆنی کورد هەیە، تەنانەت ئەو فراکسیۆنە ئەوەندەی بۆی دەکرێ ـ خۆ ئێمە ئینتزارمان نیە ئەوانیش وەك ئێمە قسان بکەن ـ دیفاع لە داخوازییەکانی میللەتی کورد دەکا. ئەوانە ئێمە هەڵمان نەبژاردوون، ئێمە کاندیدامان نەکردوون، بەڵام خەڵك کاندیدای کردوون، هەر وەك جاری ئەوەڵیش گوتمان، مادام خەڵك کاندیدای کردوونو خەڵك ڕەئیی پێداون، تا ئەو وەختەی لە خزمەتی ئامانجەکانی خەڵکدان، جێگای ئیحترامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن.

لەو پێوەندییەدا پێم خۆشە هێندێك لە مەوازیعی خۆمان لەو بارەوە باس بکەم بۆ ئەوەی جارێکی دیکە وەبیرمان هێنابێتەوە. وەختێکی محەممەدی خاتەمی هەڵبژێرا ئێمە بۆخۆمان نەمان گوتبوو بەڵام خەڵك بەشدار بوو، فەزایەك هەبوو خەڵکەکە دەیهەویست بەشدار بێ .کە محەممەدی خاتەمی هەڵبژێرا ئێمە گوتمان "نتایج انتخابات دوم خرداد" تا ئەو جێگایەی "مربوط" دەبێ بە "نفی"ی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی، ئێمە بە شتێکی "مثبت"ی دەزانین. بەڵام زۆر جارمان گوت ـ هەموشی سەبتە ـ کە لە چوارچێوەی ئەو نیزامەدا ئالۆگۆڕی زۆر مومکین نیە. محەممەدی خاتەمی نە باوەڕی بە ئازادیو دێموکراسی وەکوو خەڵك هەیە، نە دەتوانێ ئەوەی کە هەشە جێ بە جێی بکا، بەڵام پێمان باش بوو ـ ئێستاش پێمان باشە ـ کە لە دووی خورداد دا لە ئینتیخاباتی دەورەی شەشەمی مەجلیسدا خەڵك بە "آگاهی"یەوە، بە ناسینەوە دەنگی "منفی"یان بەحکوومەتێکدا کە لە ١٠و ١١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨دا لە بەر "نەناسین"و "ناشارەزایی" دەنگی "مثبت"یان پێ دا بوو. ئەوە کارێکی "مثبت"بوو.

ئەوەی ئێمە ئۆمێدمان پێی بووەو دەبێ تێیدا بەشدار بین حەرەکەتی خەڵکە

دووبارە دەیڵێینەوە کە ئەوەی ئێمە هەمیشە ئومێدمان پێی بووە، پێمان وابووە دەبێ تێیدا بەشدار بین، حەرەکەتی خەڵکە کە باوەڕی نەك بە ئیسلاحات بە شۆڕشی ئیجتیماعی لە ئێراندا هەیە، شۆڕشی ئیجتیماعی یانی گۆڕانی قووڵی کۆمەڵایەتی بەو مەعنایە کە سیستمی "حاکم" بە سەر وڵاتدا بگۆڕێ. ئێمە تەرەفداری ئەوەین، خۆمان بە بەشێك لەوەی دەزانینو هەمیشەش ئەو قسەیەمان کردوە: ئەگەر بۆ هێندێك کەسی ناوارید خیلافی ئەوە دەرکەوتوە، ئەوە دەگەڕێتەوە سەر شێوەی موبارزەو هەڵبژاردنی شوعاری تاکتیکی لە چوارچێوەی شوعارێکی ئیستراتژیك.بەڵام ئێمە شتێکمان گوتوە کە پێم خۆشە لێرەدا دووپاتی بکەمەوە: لە نێو "حاکمیت"یشدا، لە نێو ئەو دەزگایەدا کە تا ئێستاش "حاکمیت"ی ئێرانی بە دەستەوەیە، "عناصر"ێك هەن ـ ژمارەکەیان، نیسبەتەکەیان، دەرسەدەکەیان کەس نای زانێ ـ کە بێزارن لەو ڕێژیمە . ئێمە گوتوومانەو ئێستاش دەیڵێینەوە ئەگەر ئەوانیش حازرن لەگەڵ حەرەکەتی خەڵك کەون، بەخێرێن. یانی قابیلە ئەگەر شۆڕشێکی ئیجتیماعی بەرقەرار بوو، نیزامێك گۆڕا، ئەوەی کە تا ئێستا لە دەزگای حکوومەتیدا بوو، هەمووی فڕێ بدرێ، لە دەریایە بکرێ، شتی وانیە. "نیزام"ەکە دەگۆڕێ، سیستمەکە دەگۆڕێ، ئینسانەکان لە ئاشی ناکرێن. ئەوە شتێکی ئوسوولییە. تەنیا ئەو کەسانە لێرەدا "استثنا"دەکرێن کە دەستیان بە خوێنی خەڵك سوورە، جینایەتیان دەرحەقی "بشریت" کردوە، ئەوانەش دیارە لە ڕۆژێکی وادا دەبێ بدرێنە دەستی عەدالەت، نەك ببێتە هەرجو مەرجو ئنتیقامی شەخسی لە خەڵك وەربگیرێتەوە.

ئاسۆی خەباتمان لە هەموو کاتێك ڕوونترە

زۆر خۆشحاڵم کە ئەوڕۆکە دووی ڕێبەندان لە هەلومەرجێکدا دەکەینەوە، ـ هەرچەندە بە داخەوە لە سەر عەرزی کوردستانی ئێران نیین ـ کە ئاسۆی خەباتەکەمان لە هەموو وەختێك ڕوونتر دەبینین. خەڵکەکەمان بە ئومێدەوە دەڕوانێتە ئایندە، بەحەقیش بە ئومێدەوە دەڕوانێ. هەستی ڕزگاریخوازانە، هەستی نەتەوایەتی، هەستی بێزاری لە جمهووریی ئیسلامی لە هەموو وەختێك بە خەبەرترە و لە هەموو وەختێك فەعالتر. "بشریت" باشتر لە هەموو وەختێك ڕێژیمی ئێران، ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، موتالیباتی خەڵکی ئێران تێدەگاو هاوپێوەندیی لەگەڵ دەکا. هەر دوێنێ لە کۆبوونەوەی ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیستدا، لە چەند وتار کە خوێندرانەوە، سێیان ئی کوردان بوون، ئەوە نیشانەی تەوەجوهی جیهانیانە بە مەسەلەی کوردو بە حوقووقی کوردان. نومایەندەی سێ حیزبی کوردستانی لە کۆبوونەوەی شووڕای ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیستدا قسە دەکەن کە لە واقیع دا یەك لە سەدی بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە نین- ئەوەندە خەڵکیتێ دا بەشدارە- بەڵام ئەو وەزنەی پێدەدرێ. کەوابێ بە هیواوە دەڕوانینە ئایندە، هیوادارم ئەوە دواین دووی ڕێبەندان بێ کە لە غەریبایەتیدا دەی کەینەوە.

¤ ¤ ¤

ئێمە پێمان خۆشە لەم تریبوونەوە بانگی هەموو کوردەکان بکەین بۆ ئەوەی چەندی مومکینە، مەسڵەحەتی یەکتر بە بێ ئەوەی مەسڵەحەتی خۆیان بخەنە خەتەرەوە و مەسڵەحەتی بزووتنەوەی کورد بە گشتی بپارێزنو لێك نزیك بنەوە، دۆستی ڕۆژی تەنگانەی یەکتر بن، یەکتر بە بوعدی ئیستراتیژیکیی خەباتی خۆیان بزانن، نە دەوڵەتانیمەنتەقەیی!

بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی شووڕای ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست لە شاری ڕۆم

دوایین کۆبوونەوەکانی شووڕای ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست بەر لە پێکهێنانی کۆنگرەی ئەم شووڕایە لە شەش مانگی داهاتوودا، لە ڕۆژانی ٢٠و ٢١ی ژانویە لە شاری ڕۆم، پێتەختی ئیتالیادا بەڕێوە چوون.

ئەمەی خوارەوە ڕاپۆرتی کاری ئەو کۆبوونەوەیە لە ڕۆژی ٢٠ی ژانویەدا.

سەرەتا بەڕێز ڤالتر ڤالترۆنی (VALTERVELTRONI)، شارەداری ڕۆم چووە پشت تریبوونو وێڕای بەخێرهێنانی بەشداران‌و هیوای سەرکەوتن بۆ کۆبوونەوەکان لە دەرکردنی کۆمەڵێك بڕیاری گرنگ دا، لە سەر بایەخی دەستەبەر بوونی دیموکراسی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و جێگیر بوونی ئاشتی، پێی داگرت‌و هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە دەبێ بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ هەژاری‌و برسیەتی‌و هەروەها چارەسەری ناکۆکی‌یەکان پەنا نەبرێتە بەر توندوتیژی‌و چارەسەری ئاشتیانە لە سەروو هەموو ڕێگاچارەیەکەوە دابنرێ کە ئەگەر ئەم شێوازە ڕەچاو بکرێ دەبێتە هۆی دابینبوونی ئاشتی‌و هێمنی لە جیهاندا. پاشان بەڕێزان پیروفاسینو(Piro fassino) سکرتێری یەکەمی حیزبی دیموکراتە چەپەکانی ئیتالیاو ئینریکوبوزلی (Enrico Boseili) سەرۆکی حیزبی سوسیالیستەکانی ئیتالیا، وەك دوو خانەخوێی کۆبوونەوەکان قسەیان کرد. ئەوانیش وێڕای بەخێرهێنانی بەشداران، لەسەر مەسەلەکانی دیموکراسی، ئاشتی، ئاسایش‌و پەنانەبردنە بەر شەڕوتوندوتیژی بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەو ئاستەنگە جیهانی‌یەکان پێیان داگرت. دواتر بە قسەکانی بەڕێز ئانتونیو گوترێس، سەرۆکی شووڕای ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست کۆبوونەوەکان بە ڕەسمی دەستیان پێکرد‌و بەرنامەکان بەم شێوەیە ڕاگەیاندران:

باس‌و وتووێژ لەسەر بە جیهانیبوون‌و چۆنیەتی خەبات بۆ پێکهێنانی کۆمەلگەیەکی دادپەروەرانەتر، لەم پێوەندی‌یەدا ئەم کەسایەتییانەی خوارەوە قسەیان کرد:

١ـ کریستۆف زۆپیل (christop.hezope) سەرۆکی کۆمیتەی شووڕای ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست لە پێوەندی لەگەڵ ئابووری‌و مەسەلەی هاوئاهەنگیی کۆمەڵایەتی‌و ژینگەیی (لە لایەن حیزبی سوسیال دیمۆکراتی ئالمانەوە).

٢ـ ماسیمودالیما، سەرۆك وەزیری پێشووی ئیتالیاو سەرۆکی ئێستای حیزبی دیمۆکراتە چەپەکانی ئەم وڵاتە.

٣ـ خووزە لووئیس زاباترۆ(Joserodrigue zatero) سکرتێری گشتیی حیزبی سوسیالیستیی ئیسپانیا.

٤ـ ئیدوارد فروود ریگز (Eduarde Ferro Rodriguez) سکرتێری گشتیی حیزبی سوسیالیستی پورتغاڵ.

٥ـ تێرموێر مانوئێل، وەزیری دارایی ئەفریقای باشووری، لە لایەن کۆنگرەی میللی ئەفریقاوە.

٦ـ ژۆزە ئیدواردۆ کاردوزو (Jose Edurado cardozo) نوێنەری پارلمانی برێزیل، بە نوێنەرایەتیی حیزبی کرێکارانی ئەم وڵاتەوە.

٧ـ ئێنریك بارۆن (Enrique Baron) سەرۆکی گرووپی پارلمانیی حیزبی سوسیالیستی ئورووپا، کە تێکرایان وێڕای جەخت کردن لە سەر گرینگیی مەسەلەکانی دیموکراسی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی، ئاشتی، پاراستنی ژینگەو هەروەها بەربەرەکانێ لەگەڵ تیرۆریزمدا، بەشی زۆری قسەکانی خۆیان بۆ مەسەلەی عێراق‌و شەڕ تەرخان کردبوو پێیان لەسەر چارەسەری کێشەکە بە ڕێگای سیاسی‌و دیپلوماسی‌دا دادەگرت.

ئەوان بە پێی بڕیارنامەی ١٤٤١ی ئەنجومەنی ئاسایش، باوەڕیان بە دۆزینەوەی ڕێگا چارەی ئاشتیانە هەیەو هەڵایساندنی ئاوری شەڕێکی یەکلایەنە لە لایەن هەر وڵاتێکەوە، بە شتێکی قبووڵنەکراویان زانی‌و کە پڕ مەترسی‌یەو ئاکامی نادیاری لێدەکەوێتەوە. ئەوان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە عێراق دەبێ چەك بکرێ،بەڵام ئەم کارە دەبێ لە چوارچێوەی قانوونە نێو نەتەوەیی‌یەکان‌دا‌و لە ڕێگای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە وەك تاکە ناوەندی خاوەن ئۆتۆریتەی پێویست، بکرێ، تەنانەت ئەگەر بۆ چەك کردنیش پەنا ببرێتە بەرهێزی نیزامی.

ئەم بابەتانە دانی بەیانی(٢٠ی ژانویە)ی کاری کۆبوونەوەکانی شووڕای ئەنترناسیۆنال سوسیالیستیان بۆ تەرخان کرا. دوایین قسەکەری ئەم بەشەی کۆبوونەوەکانی ئەنتێر ناسیۆنالی سۆسیالیست، بەڕێز رابین کووك وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان لە لایەن حیزبی کرێکارانی ئەو وڵاتەوە بوو کە باسەکەی خۆی بۆ باس لە سەر ناوەندە ئابووری‌یە جیهانی‌یەکان‌و پێوەندی‌یە بازرگانی نێونەتەوەیی‌یەکان تەرخان کردبوو. ناوبراو پێی لە سەر ئەوە داگرت کە جیهانی داهاتوو دەبێ هاوپێوەندی لە پێناوی دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی دا بێ‌و هەر دەبێ ئەم هاو پێوەندی‌یە پێوەندیی بازرگانیی عادڵانەشی لە ئاستی جیهان دا لێ بکەوێتەوە.

ناوبراو لەو پێوەندی‌یەدا نۆژەنکردنەوەی ناوەندە ئابووری‌و بازرگانی‌یەکانی ئێستای لە ئاستی جیهانی دا بە پێویست زانی‌و گوتی پێویستە کە بۆ پێکهێنانی هاوسەنگی لە ئالوێری بازرگانیی نێوان وڵاتانی دەوڵەمەندو هەژارو دامەزراندنی پێوەندی‌یەکی عادیلانەتر لەو بوارەدا گۆڕانیان بە سەر دابێ.

بابەتی دووهەم لە ژێر ناوی" لە پێناوی جیهانێکی پڕ لە ئاشتی‌و تەناهی‌دا" کە کەوتە دانی ئێوارەی بەرنامەی کۆبوونەوەکان، بۆ کێشەی ڕۆژهەڵاتی‌نێوەڕاست‌و بە تایبەت بۆ باس لە سەر کێشەکانی ئیسرائیل‌و فەلەستین‌و عێراق تەرخان کرابوو کە لە ڕاستی‌دا ئەم کێشانە سەرجەم کێشەکانی دیکەیان خستبووە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە. لەم بەشە لە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکان‌دا، سەرەتا بەڕێز توریبورن یاگڵاند، بەرپرسی کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئەنتر ناسیۆنالی سۆسیالیست، ڕاپۆرتێکی پێشکەش کرد. ناوبراو لە ڕاپۆرتەکەی‌دا، سەرەتا باسی کێشەی ئیسرائیل‌و فەلەستین‌و هەروەها ئەو کۆسپەی کرد کە ڕەوتی ئاشتی لەگەڵی دا بەرەوڕوویە، پاشان ئاماژەی بە ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی وەك ناوەندی بناژێیی ئیسلامی کرد‌و پشتیوانیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە گرووپە توندڕەوو تیرۆریستەکانی لە شکست پێهێنانی ڕەوتی ئاشتیی ئیسرائیل‌و فەلەستین دا زۆر بە کاریگەر زانی‌و وەك ڕۆڵێکی تێکدەرانەو ڕێگر لە هاتنەڕێی ئاشتی نێوان ئیسرائیل‌و فەلەستین باسی لێوە کرد. ناوبراو لە درێژەی قسەکانی خۆی‌دا ئاماژەی بە داگیر کردنی باڵێوزخانەو بارمتە گرتنی دیپلۆماتە ئامریکایی‌یەکان لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌یەوە کە بە پێچەوانەی سەرجەم ڕێوشوێنە نێونەتەوەیی‌یەکان بوو، کردو لە کۆتایی‌دا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە ئێستاکە لە ئێران‌دا شاهیدی ڕابوونی خوێندکاران، ڕوناکبیران‌و تەنانەت ژمارەیەك لە ئاخونده نەرمڕەوەکانیش کە ڕاشکاوانە داوای جیایی دین لە سیاسەت دەکەن. ناوبراو هەروەها گوتی کە بە سەرنجدان بە گرینگیی ئێران لە ناوچەکەدا، هاتنە سەرکاری سیستمێکی گەلی‌و نەرمڕەو لەم وڵاتەدا کاریگەری‌یەکی بەرچاوو باش لە سەر ناوچەکە بەگشتی دادەنێ.

پاشان بەڕێزان ١- شەمعون پرێزیس، یەکێك لە ڕێبەرانی حیزبی کرێکاری ئیسرائیل، ٢- یووسی بلین (Youssi Blin) لە ڕێبەندانی حیزبی"مرتس"ی ئیسرائیل، ٣- فلیپ گونزالیس لە ڕێبەرانی حیزبی سۆسیالیستی ئیسپانیا،٤- هانی ئەلحەسەن، یەکێك لە ڕێبەرانی ڕێکخراوی ئەلفەتح‌و وەزیری حوکمەتی فەلەستین، بە نۆرە چوونە پشت تریبوون‌و هەرکامیان بیروبۆچوونی خۆی لەپێوەندی لەگەڵ کێشەی فەلەستین‌و ئیسرائیل‌و هەروەها عێراق‌دا خستە ڕوو. دواتر لە بەر ئەوەی کە گەلێك کەسایەتی داوایان کرد قسە بکەن، بەڵام لە بەر کەمی کاتی بەرنامەکە دەرفەت نەبوو هەموویان قسە بکەن، بەڕێز لوئیس ئەیالا، سکرتێری گشتی ئەنتر ناسیۆنالی سوسیالیست لە تریبوونی سەرۆکی کۆبوونەوە ڕای‌گەیاند کە تەنیا ڕێگەی قسە کردن بە نوێنەرانی سێ حیزبی کورد دەدرێ تا بیرو بۆچونی خۆیان بخەنە ڕوو. حیزبەکانیش بریتی بوون لە: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان‌و پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق کە هەرکامیان لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، سەبارەت بە بارودۆخی وڵات‌و ناوچەی خۆیان قسەیان کرد.

ڕاپۆرتی ڕۆژی دووهەمی کۆبونەوەکانی شووڕای ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست لە ڕۆم دا

دووەمین ڕۆژی کۆبوونەوەکانی شوورا لە ڕۆژی٢١ی ژانویە، کاتژمێر ٩/٣٠ی سەر لە بەیانی دەستیان پێکرد‌و بەرنامەکانی خۆی بە شێوازی خوارەوە درێژە پێدا:

١- خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کومیتەی ئیداری‌و ماڵیی ئەنتێر ناسیۆنالی سۆسیالیست لە لایەن بەرپرسی ئەو کومیتەیەوە.

٢- تاوتوێکردنی مەسەلەی ئاشتی‌و ئارامی لە باڵکان‌دا.

٣- باس‌و وتووێژ لە مەڕ داکۆکی لە دێموکراسی لە سەرانسەری جیهان داو پێداگرتن لە سەر پێویستیی پەرەپێدانی دێموکراسی لەو ناوچانەی کە هێرشی کراوەتە سەرو پێشێل کراوە.

٤- ڕاپۆرتی سکرتێری گشتیی ئەنتێر ناسیۆنال سۆسیالیست

٥- پەسند کردنی کۆمەڵێك بڕیارنامەو بەیاننامە لە پێوەندی لە گەڵ کێشە جۆراوجۆرەکان دا کە هەر لەم چوارچێوەیە دا بڕیارنامەیەك لە سەر عێراق‌و یەکێکی دیکە سەبارەت بە کوردەکانی ئێران پەسند کران کە دەقی بڕیارنامەکە لە بارەی کوردانەوە بەم جۆرەیە:

بڕیارنامە لە بارەی کوردەکانی ئێرانەوە

شووڕای ئەنتێر ناسیۆنالی سۆسیالیست کە لە ڕۆژانی٢٠و٢١ی ژانویەی ٢٠٠٣ دا لە ڕۆم پێتەختی ئیتالیا دا کۆ بۆوە، بە سەرنجدان بە گۆڕانکاری‌یەکانی ئەم چەند ساڵەی ئێران، تێکرای هێزە دێموکراسیخوازەکان‌و لایەنگرانی مافی مرۆڤ بۆ سوور بوون لە سەر پێکهێنانی گۆڕانکاری‌و ڕیفۆرم هان داوە.

کردەوەی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ‌و ئازادی‌یە دێموکراتیکەکان کە دوژمنانی ڕیفۆرم لە ئێران‌دا ئەنجامی دەدەن، بە توندی‌مەحکوم دەکا، کە هێندێکیان بریتین لە: داخستنی ڕۆژنامەکان، دەستبەسەر کردنی ڕۆژنامە نووسان،ڕووناکبیران، خوێندکارانی لایەنگری گۆڕانکاری‌و ئاڵوگۆڕو بەردەوامیی ڕەوتی ئێعدامی تێکۆشەرانی کورد لەو نموونانەن.

بڕیارنامەکە هەروەها سەرکوتی کوردەکانی ئێران مەحکووم دەکاو پێ لە سەر چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کورد لە ئێران‌دا دادەگرێ‌و پشتیوانی لە مافی ڕەوای کوردەکانی ئێران دەکاو هاوپێوەندیی خۆی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌دا کە ئەندامی ئەنتێر ناسیۆنالی سۆسیالیستەو ڕێز لە بایەخە دێموکراتیکەکان دەگرێ‌و هەروەها سوورە لە سەر چارەسەری کێشەی کوردی ئێران لە ڕێگای ئاشتیانەی ئەو کێشەیە، ڕادەگەیەنێ.

پەیامی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران ـ "ڕاە کارگر" بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندانەوە

بۆ تێکۆشەران، ئەندامان‌و کادرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!

دووی ڕێبەندانی هەموو ساڵێك ڕۆژی وەبیرهێنانەوەی یادوبیرەوەریی قازی محەممەد، ڕێبەرو دامەزرێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران‌و هاورێیانی بە بۆنەی پێکهێنان‌و ڕاگەیاندنی کۆمارەوەیە.

٥٧ ساڵ لەمەوبەر، لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی ئەو دەمی ئێران‌دا لە کوردستان، قازی محەممەدو هاورێیانی بۆ وەدیهێنانی حکوومەتێکی خودموختارو ڕاگەیاندنی کۆماری [کوردستان] مەهاباد، بەردی بناغەی مافی بەرامبەریان لە بەشێك لە کوردستان‌دا دانا. هەر لەو کاتەش‌دا، ڕاگەیاندنی حکوومەتی خودموختاری ئازەربایجان لە لایەن جەعفەری پیشەوەری‌و هاورێیەکانی‌یەوە، ڕق‌و قینی ڕژێمی شاو ئاغاواتی ناوچەکەی لێ کەوتەوە. بۆیە شا بە ناردنی ئەرتەش‌و هێزە سەرکوتکەرەکانی خۆی‌و بە پشتیوانیی خان‌و دەرەبەگەکانی ئازەربایجان‌و کوردستان، هێرشێکی دڕندانەی کردە سەر تێکڕای ناوچەی باکووری ڕۆژئاوای ئێران.

قازی محەممەد بۆ وەدیهێنانی ئەو مافانەی خەباتی بۆ دەکردن لە نێو گەلەکەی خۆی‌دا مایەوەو لە مەیدانی مەهاباد [چوارچرا]دا لە سێدارە درا. لەو ڕۆژەوە تا ئێستا ڕێبوارانی ڕێگای قازی محەممەد بۆ وەدیهێنانی ویست‌و ئامانجەکانی وی، واتە " دیموکراسی بۆ ئێران‌و خودموختاری بۆ کوردستان"و هەروەها ڕووخاندنی ڕژێمی دژی ئینسانیی کۆماری ئیسلامی، ڕێبەرانی وەك دوکتورعەبدولرەحمانی قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی، عەبدوڵڵای قادری ئازەر، فەتتاحی عەبدولی‌و بە هەزاران پێشمەرگەی بە ئیمانی خۆی‌یان لە پێناوی گەیشتن بە مافە میللی‌و دیموکراتیکەکان دا، لە مەیدانی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی دا فیدا کردوە.

مەبەستی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تیرۆرکردنی ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، هەر ئەوە نەبووە کە ئەوان بە جەستە لەنێو بەرن، بەڵکوو ڕێبەرانی ڕژێیم بە دوای ئامانجێکی دژی ئینسانیی گەورەترەوە بوون. ئەوان دەیانویست‌و دەیانەوێ حیزب‌و بزووتنەوە ڕەواکەی گەلی کورد‌و خەباتی خەڵکی کوردستان تێك بشکێنن.

با لە پەنجاوحەوتەمین ساڵوەگەڕی دووی ڕێبەندان‌دا، ڕێز لە یادو بیرەوەریی ئەو کەسانە بگرین کە گیانی خۆیان لە پێناوی دیموکراسی‌و خودموختاری‌دا بەخشیوە دەبا ئێمە ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی، ڕزگاری‌و دیموکراسی، شانبەشانی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران لەم هەلومەرجە سەختەی ئێران‌و ناوچەکەدا، بە پێکهێنانی یەکیەتی‌یەکی ئوسوولی‌و بەربڵاوو بەبەرینتر کردنەوەی مەیدانی خەبات، هەروەك دڕکێك لە چاوی دوژمنانی ئازادی هەڵ چەقین.

دیسان بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە گشت ئێوە هاورێیان، دۆستان، ئەندامان‌و تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین‌و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران
"ڕاە کارگر"

رێوڕەسمەکانی ٢ی رێبەندان لە دەرەوەی وڵات

سوئێد

ڕۆژی ١ی فیوریەی ٢٠٠٣ لە سەر بانگهێشتنی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران زیاتر لە ٢٥٠٠ کەس لە هاونیشتمانانی کوردی ئێران‌و کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، نوێنەرانی حیزبە سیاسییە کوردی، ئێرانی‌و بیانی‌یەکان‌و هەروەها ژمارەیەك کەسایەتیی سیاسی‌و فەرهەنگی لە تالاری گەورەو بەناوبانگی گلوبین (Globen) لە شاری ستکهۆڵم لە دەوری یەك کۆبوونەوە تا لە ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، ڕێز لە یادو بیرەوەری ئەو ڕۆژە مەزن‌و مێژوویی‌یە بگرن.

ڕێورەسمەکە کاتژمێر ٥/٣٠ی ئێوارە بە سرودی نەتەوایەتی "ئەی رەقیب"و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی حیزب‌و گەل دەستی پێکرد. پاشان وتاری کومیتەی هاوکاریی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردو کوردستانی لە سوئێد هاوڕێ محەممەد سەدیق ئیمامی، بەڕپرسی کومیتەوە خوێندرایەوە. بە دوای ئەودا وتاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانی‌یەکان لە لایەن بەڕێز کیائێزۆلەوە پێشکەش کرا.

لەوڕێورەسمەدا ئەو حیزب‌و لایەنە سیاسییانەی بەشدار بوون‌و برووسکەی پیرۆزباییان ناردبوو بریتی بوون لە:

١ـ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ٢ـ یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ٣ـ کارگێڕی کەرتی (ی. ن. ك) لە شاری لینشۆپینگ ٤ـ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، ڕێکخراوی لینشۆپینگ ٥ـ یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی عێراق ٦ـ یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران ـ کومیتەی ئورووپا ٧ـ یەکیەتی لاوانی کورد لە سوئێد ٨ـ ناوەندی یەکیەتیی کوردان لە سوئێد ٩ـ یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سوئێد ١٠ـ یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان ئێران لە سوئێد ١١ـ کومیتەی خوێندکارانی کوردستان (کومیتەی سوئێد) ١٢ـ ئەنستیتۆی کورد لە ستکهۆڵم ١٣ـ کۆمەلا مەم‌و زین (لینشۆپینگ) ١٤ـ کۆمەڵی کلتووری کوردی ـ لینشۆپینگ ١٥ـ کۆمەلا کوردستان ـ ئۆمینو ١٦ـ کومیتەی هاوبەشی کۆمەڵەی سوسیال دیموکراتە کوردی‌یەکان لە سوئێد ١٧ـ نوێنەرایەتیی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات ١٨ـ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ١٩ـ ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران ـ (ڕاە کارگر) ٢٠ـ حیزبی تووەدەی ئێران.

لە بەشی دووهەمی ڕێورەسمەکەدا ئەم کەسایەتییانەش وتاریان خوێندەوە:

١ـ بەیاننامەی دەفتەریی سیاسی حیزب لەلایەن هاوڕێ حەسەن قارەمانی بە دوو زمانی کوردی‌و ئینگلیزی،

٢ـ بەڕێز کۆنی فریدریکسۆن (Konnyfridriksson)، سەرۆکی گرووپی کاری کوردان لە ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست لە لایەن حیزبی سوسیال دیموکراتی سوئێدەوە،

٣ـ بەڕێز ڤالتێرموت (valter mutt)، لە لایەن حیزبی سەوزەکان،

٤ـ بەڕێز کارل سۆن (kalle larsson) لە لایەن حیزبی چەپ،

ئەو کەسایەتی‌و لایەنانەش پەیامیان بۆ ڕێورەسمەکە ناردبوو.

١ـ خاتوو ئانالیند (Annalind)، وەزیری کاروباری دەرەوەی سوئێد،

٢ـ بەڕێز یۆربان ئاهلین (urban Ahlin)، بەڕپرسی کومیسیونی دەرەوەی پارلمانی سوئێد،

٣ـ پەیامی پارتی گەل لە لایەن بەڕێز نیکی ویستربێرگ (Nikiwesterberg)ەوە،

٤ـ پەیامی پارتی "سێنتەر" لە لایەن بەڕێز میلئۆکلاند (mila ekland)ەوە،

٥ـ پەیامی پارتی دیموکرات مەسیحی سوئێد لە لایەن خاتوو (langerdaviasson) ئەندامی پارلمانەوە،

٦ـ مامۆستا شیخ عێزەدینی حوسێنی

ڕێورەسمەکە بە بەشداری‌و دەنگی بەسۆزی هونەرمەندان تارا ڕەسوڵ، نەجمەدین غولامی‌و قادر ئەلیاسی رازابۆوە. لە بەشێکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا شانۆیەکی تراژیدی لە ژێر ناوی "٥٧یادو ٢٥ گوڵ بۆ ١٠ی خاکەلێوە" پیشان درا. پاشان بە ڕەشبەڵەك‌و هەڵپەڕکێی بەشداران تا کاتژمێر ١ی بەیانی درێژەی کێشا.

کۆتایی هێنەری ڕێورەسمەکە سرووردی نەتەوایەتی "ئەی رەقیب" بوو کە لە لایەن ٢٥٠٠ کەس بەشدارانی ڕێورەسمەکەوە دەگوترایەوە.

ئۆسترالیا

یادکردنەوەی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی ژانویەی ٢٠٠٣،کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی ئۆسترالیا بە بۆنەی پەنجاوحەوتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕێورەسمێکی بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب‌و کوردەکانی دانیشتوی ئەو وڵاتە لە یەکێك لە سەیرانگەکانی شاری "برێزبن" بەڕێوە برد.

ڕێورەسمەکە بە ڕاگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی حیزب‌و گەل دەستی پێکرد. پاشان هاوڕێ سەلاحی پور ئەسەد، بەڕپرسی کۆمیتەی حیزب لە شاری "برێزبن" لەسەر چۆنیەتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان‌و دەسکەوتەکانی ئەو کۆمارە ساوایە بۆ بەشداران قسەی کرد. لە بەشێکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا بارودۆخی ئێران‌و کوردستان لەلایەن ژمارەیەك لە بەشدارانەوە خرایە بەر باس‌و لێدوان. ڕێورەسمەکە بە هەڵپەڕکێ‌و گۆرانی تا کاتژمێر ٦ی ئێوارە درێژەی کێشا.

ئوتریش

کومیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی ئوتریش، ڕۆژی هەینی ١٧ی ژانویەی ٢٠٠٣ بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، ڕێورەسمێکی بەشکۆی لە شاری ڤییەن پێتەختی ئەو وڵاتە بەڕێوە برد. لەو ڕێورەسمەدا کە کاتژمێر ٦ی ئێوارە دەستی پێکرد زیاتر لە ٢٥٠ کەس لە کوردو ئێرانی‌و دۆستانی گەلی کورد لە ئوتریش‌و هەروەها نوێنەرانی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردو ئێرانی‌یەکان بەشدار بوون.

بەرنامەکە بە سرودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"دەستی پێکردو پاش دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزب‌و گەل پەیامی پیرۆزبایی کومیتەی حیزب بەو بۆنەیەوە بە دوو زمانی کوردی‌و ئاڵمانی خوێندرایەوە. بە دوای ئەودا پەیامی ئەو حیزب‌و لایەنە سیاسییانە لەلایەن نوێنەرەکانیانەوە پێشکێش کران:

پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاە کارگر)، ڕێکخراوی فیدائیانی گەلی ئێران (ژۆرینە)، ڕێکخراوی یەکیەتیی فیدائیانی گەلی ئێران.

ڕێورەسمەکە بە پێشکێش کردنی گۆرانی‌و سرود لەلایەن هونەرمەندان‌و هەڵپەڕکێی ڕازاوە تا کاتژمێر ١٢/٣٠ی شەو درێژەی کێشا.

بریتانیا

بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

کومیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی بریتانیا، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٨ی ژانویەی ٢٠٠٣ دا بە مەبەستی یادکردنەوەی کۆماری کوردستان، ڕێورەسمێکی بەشکۆی بە بەشداریی زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب‌و کوردەکانی دانیشتوی ئەو وڵاتە لە شارۆچکەی ئاکتۆن تاون هۆڵدا بەڕێوە برد.

ڕێورەسمەکە بە سرودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی حیزب‌و گەل دەستی پێکرد. پاشان پەیامی دەفتەری سیاسی حیزب لەلایەن هاوڕێ مەولوود سوارە، بەڕپرسی کومیتەی حیزب لە بریتانیا خوێندرایەوە. بە دوای ئەودا پەیامی مامە قالەی دەباغی ئەندامی لەمیژینەی حیزبی دێمۆکرات‌و پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکرات خوێندرانەوە. ژمارەیەك لە حیزب‌و لایەنە سیاسی‌یەکان بە ناردنی دەستەی نوێنەرایەتی لەو ڕێورەسمەدا بەشدارییان کردبوو و پەیامی پیرۆزبایی‌یان پێشکێش کرد کە بریتی بوون لە: پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی شیوعی کوردستانی عێراق، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران‌و حیزبی کومونیستی ئێران (کۆمەڵە).

بەرنامەکە بە پێشکێش کردنی گۆرانی لەلایەن هونەرمەندانی ناسراو، میکائیل، ژالەو عیرفان ڕازابۆوە. دواین بەشی ڕێورەسمەکە هەڵپەڕکێی ڕازاوەی کوردی بوو کە تا کاتژمێر ١ی بەیانی درێژەی کێشا.

ئەمریکا

بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە وڵاتی ئامریکادا

کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ئامریکا، ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٤ی ژانویەی ٢٠٠٣ بە مەبەستی ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی ٢ی ڕێبەندان، ڕێورەسمێکی بە بۆنەی پەنجاوحەوتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا بە بەشداریی زیاتر لە ٣٠٠ کەس لە ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب‌و کوردەکانی دانیشتوی ئەو وڵاتە لە شاری واشینگتۆن پێتەختی ئەمریکادا بەڕێوە برد.

ڕێورەسمەکە کاتژمێر ٧ی ئێوارە بە سرودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"و ڕاگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی حیزب‌و گەل دەستی پێکرد. پاشان پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەو بۆنەوە لەلایەن هاوڕێ کامران بالوزەوە خوێندرایەوە. لە بەشێکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا دوکتور مورتەزا ئیسفەندیاری پەیامی کۆمەڵەی کوردەکانی ئێرانی لە وڵاتی ئەمریکا پێشکێش کرد.

پێویستە بگوترێ دوو حیزبی سەرەکیی کوردستانی عێراق، واتە پارتی دێمۆکرات‌و یەکیەتیی نیشتمانی بە ناردنی هەیئەتی نوێنەرایەتی لەو ڕێورەسمەدا بەشدار بوون‌و برووسکەی پیرۆزبایی‌یان بەو بۆنەوە خوێندەوە. هەروەها ڕێکخرواى چاوەدێریی مافی مرۆڤی کورد، برووسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ ئەو ڕێورەسمە ناردبوو.

ڕێورەسمەکە بە گۆرانی‌و هەڵپەڕکێی کوردی تا کاتژمێر ١ی بەیانی بەردەوام بوو.

کانادا

بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری لەندەنی کانادا دا

ئێوارەی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٨ی ژانویەی ٢٠٠٣، کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی کانادا بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕێورەسمێکی بە بەشداریی زیاتر لە ٤٠٠ کەس لە کوردەکانی دانیشتووی شاری ئەنتاریۆی‌و لەندەنی کانادا بەڕێوە برد.

ڕێورەسمەکە بە سرودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" دەستی پێکردو بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی ڕێگای ئازادی دەقیقەیەك بێدەنگی ڕاگەیەندرا. پاشان وتاری کۆمیتەی بەڕێوەبەری ڕێورەسمەکە بە دوو زمانی کوردی‌و ئینگلیسی خوێندرایەوە. ئەو حیزب‌و ڕێکخراوانەش بە ناردنی هەیئەتی نوێنەرایەتی لە ڕێورەسمەکەدا بەشدار بوون‌و پەیامی پیرۆزبایی‌یان خوێندەوە.

پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی شیوعیی کوردستانی عێراق، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)، کۆمەڵەی کوردەکانی لەندەن، کۆمەڵەی کلتوری کورد لە ئەنتاریۆ.

ئەو ڕێورەسمە بە پێشکێش کردنی چەند کۆپلە شێعرو پەخشان‌و گۆرانیی جۆراوجۆرو هەروەها هەڵپەڕکێی بەشداران تا کاتژمێر ٢/٣٠ی بەیانی درێژەی کێشا.

☆☆☆

یادکردنەوەی ٢ی ڕێبەندان لە وانکۆوێری کانادا

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٤ی ژانویەی ٢٠٠٣، کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی کانادا بە بۆنەی پەنجاوحەوتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕێورەسمێکی بەشکۆی بە بەشداریی سەدان کەس لە ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب‌و کوردەکانی دانیشتوی ئەو وڵاتە لە شاری وانکۆوێر بەڕێوە برد.

ڕێورەسمەکە بە سرودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" لەلایەن کۆڕی هونەریی "شەهید قاسملوو"وە دەستی پێکردو دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی حیزب‌و گەل ڕاگەیەندرا.

پاشان یەکێك لە هاورێیانی کۆمیتەی حیزب بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی بەو بۆنەوە خوێندنەوە. بە دوای ئەودا پەیامی کۆمیتەی حیزب لە کاناداو یەکیەتیی لاوانی دێمۆکرات بە دوو زمانی کوردی‌و ئینگلیسی پێشکێش کران.

ڕێورەسمەکە بە پێشکێش کردنی گۆرانی‌و هەڵپەڕکێی کوردی لەلایەن بەشدارانەوە تا نیوەشەو درێژەی کێشا.

پێویستە بگوترێ ئەو کەسایەتی‌و حیزب‌و لایەنە سیاسیانەش پەمیان بۆ ڕێورەسمەکە ناردبوو: بەڕێز موریس کاپیتۆرن، نوێنەری پێشووی مافی مرۆڤ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ـ سڤەند رابینسۆن پارلمانتاری پارلمانی فیدرالیی کانادا ـ جۆی مەکفیل، ڕێبەری حیزبی دێمۆکراتی نوێ (N.D.P) لە هەرێمی بریتیش کلۆمبیا ـ جیمی گراهام، سەرۆکی پۆلیسی ئەمنییەتی ئوستانی بی‌سی ـ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ـ پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق ـ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان.

یۆنان

یادکردنەوەی پەنجاوحەوتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ١٨ی ژووئیەی ٢٠٠٣، کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی یۆنان بە هاوکاری چوار حیزبی دیکەی کوردستانی بە بۆنەی پەنجاوحەوتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕێورەسمێکیان بە بەشداریی زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب‌و کوردەکانی دانیشتوی ئەو وڵاتە لە شاری ئاتێن بەڕێوە برد.

ڕێورەسمەکە کاتژمێر ٧ی ئێوارە بە سرودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزب‌و گەل دەستی پێکرد. پاشان پەیامی سیاسیی هاوبەش بەو بۆنەیەوە بە دوو زمانی کوردی‌و یۆنانی خوێندرایەوە.

ژمارەیەك کەسایەتیی سیاسی بە ناردنی پەیام بۆ ئەو ڕێورەسمە پشتیوانیی خۆیان لە خەباتی ڕەوای گەلەکەمان دەربڕی بوو کە بریتی بوون لە: بەڕێز لامبرۆس کانێلۆ پوولۆس "LambrosKanelopulos"، ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزبی پاسۆك (PASOK)، بەڕێز سەناسیس باجۆکاس "Thenasis Bajokas" شارەداری کەسەرەیانی سەر بە ئاتێن، بەڕێز سەناسیس کورتیس "Thenasis Kortis" ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزبی سیناسپیسموس (Sinaspismos)، ئەم بەڕێزانەش لە ڕێورەسمەکەدا بەشدار بوون‌و پەیامیان پێشکەش کرد:

بەڕێز پانۆس تریغازیس "Panos Trigqzis"، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی سیناسپیسموس‌و بەڕپرسی پێوەندی‌یەکانی دەرەوەی ئەو حیزبە، بەڕێز ڤاسیلس زامیانۆس "Vasilis Zamianaos" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی "Zikki"و بەڕپرسی پێوەندی‌یەکانی دەرەوەی ئەو حیزبە، بەڕێز وانگیلیس ساکاتۆس "Vangelis Sakatos" نووسەر، بەڕێز یۆرغۆس واچاس "Iorgos Vachas" نووسەر. ئەو حیزب‌و لایەنە سیاسییانەی لە بەڕێوەبردنی ئەو ڕێورەسمەدا بەشدار بوون بریتی بوون لە: یەکیەتیی نیشتمایی کوردستان، پارتی سوسیالیستی کوردستان، پارتی یەکیەتیی دێمۆکراتی کورد لە سوریە، پارتی دێمۆکراتی کوردستان ـ باکوور، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە یۆنان.

ڕێورەسمەکە بە هەڵپەڕکێی کوردی‌و پێشکێش کردنی چەند گۆرانی تا کاتژمێر ١٢ی شەو درێژەی کێشا.

نۆرویژ

یادکردنەوەی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری کریستیاساندا

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٨ی ژانویەی ٢٠٠٣، کۆمیتەی حیزب لە ناوچەی کریستیاساندی نۆرویژ بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کورستان ڕێورەسمێکی بە بەشداریی زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە کوردەکانی دانیشتووی ئەو شارە بەڕێوە برد. ڕێورەسمەکە کاتژمێر ٧ی ئێوارە بە سرودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"و ڕاگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.پاشان وتاری کۆمەڵەی کوردی لەلایەن بەڕپرسی کۆمەڵەوە خوێندرایەوە. بە دوای ئەودا پەیامی کۆمیتەی ناوچەیی حیزب لەلایەن هاوڕێ ئەبووبەکری کوردی، بەڕپرسی کۆمیتەکەوە پێشکێشی ئامادەبووان کرا. ڕێورەسمەکە بە ئاهەنگ‌و هەڵپەڕکێی کوردی‌و پێشکێش کردنی گۆرانی تا کاتژمێر ١١ی شەو درێژەی کێشا. شایانی باسە ئەو حیزب‌و ڕێکخراوانەش بەناردنی دەستەی نوێنەرایەتی لەو ڕێورەسمەدا بەشدار بوون: کۆمەڵەی کلتوری کورد، پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان.

☆☆☆

بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی ٢ی ڕێبەندان لە ئۆسلۆ

کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی نۆرویژ ئەو ساڵیش وەك ساڵانی پێشوو بە بەڕێوەبردنی ڕێورەسمێکی بەشکۆ ڕێزی لە دووی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان گرتەوە. ڕێورەسمی پەنجاوحەوتەمین

بۆ لاپەڕی ٩

ڕاپۆرتی سیاسیی دەفتەری سیاسیی حیزب بۆ پلینۆمی ئەم دوایی‌یانەی کومیتەی ناوەندی

(کە لە لایەن سکرتێری گشتی‌یەوە پێشکێش کرا)

هاوڕێیانی خۆشەویست، ئەندامانی تێکۆشەری ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

لەلایەن خۆم و هەموو ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌یەوە بە گەرمی بەخێراتنتان دەکەم‌و خۆشحاڵم کە جارێکی دیکە بە ئامادەیی زۆربەی زۆری ئەندامانی ئەسڵی‌و جێگرو موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندی، پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی کۆدەبێتەوە. ئەم کۆبوونەوەیە لە هەل‌ومەرجێکی تایبەتی‌دا پێك هاتوەو زۆر ئەرکی گرنگی سیاسی‌و تەشکیلاتی‌و خەباتگێرانەی لەپێشن کە دەبێ باسیان لێ‌بکاو ڕێگای جێبەجێکردنیان بۆ بدۆزێتەوە. هیوادارم تێکڕای هاوڕێیان لەباسی بەند بەندی دەستووری کاری پلینۆم دا بەشدار بن‌و شوێن لەسەر دەوڵەمەندتر کردنی باسەکان دابنێن، تا لە ئاکام دا باشترین‌و گونجاوترین بڕیار بۆ بەرەوپێشبردنی ئەرك‌و بەرپرسایەتی‌یەکانمان لە لایەن پلینۆمەوە دەربچن.

لە ماوەی نیزیك بە پێنج مانگی نێوان پلینۆمی حەوتەم‌و ئەم پلینۆمەدا زۆر ڕووداوی گرنگ لە ئێران‌و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و جیهان دا ڕوویان داوەو دیسانیش وڵاتەکەمان‌و ناوچەکەمان چاوەڕێی ڕووداوی تازەو ئاڵوگۆڕی تازەن. لە درێژەی کارەکانی کۆبوونەوەدا زۆر لەو ئاڵوگۆڕانە دێنە بەرباس‌و پێویستە پاش لێکۆڵینەوە بڕیاریان لەسەر بدرێ. ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ باسی بکەین تەنیا ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆی وڵات‌و ئەو مەسەلانەن کە بە جۆرێك پێوەندی لەگەڵ ئێران‌و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئێران‌و سەرەنجام دوارۆژی وڵاتەکەمان پەیدا دەکەن. بۆ ئێمە وەك تێکۆشەرانی ڕێگای وەدەستهێنانی ماف‌و ئازادی‌یەکانی خەڵکی کوردستان‌و وەك بەشێك لە بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران بۆ ئازادی‌و دێموکراسی، ئەم بەشە لە ئاڵوگۆڕەکان گرنگ‌و بنەڕەتی‌یەو هەموو ئاڵوگۆڕە ناوچەیی‌و جیهانی‌یەکانی دیکە لەم ڕوانگەیەوە جێگای سەرنجدان‌و هەڵسەنگاندنن.

ئەوەی لە ماوەی نێوان دوو پلینۆم‌و بە تایبەتی لە دووسێ مانگی دوایی دا لە ئێران ڕووی داوە، هەر لە وەزعی شپرزەی ئابووری‌و پەرەگرتنی فەساد لە نێو دەزگای دەوڵەتی دا بگرە تا دەگاتە نارەزایەتی‌و بەربەرەکانیی خەڵك‌و سەرەنجام زەبروزەنگی دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، هیچی تازە نیە. بەڵکوو درێژەو لوتکەی ئەو دیاردانەیە کە هەر لەگەڵ هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران دا گەرایان گوراوەو ساڵ بە ساڵ مانگ بە مانگ پەرەیان گرتوە تا گەیشتوونە ئەوەی ئەمڕۆ بە چاوی خۆمان دەی‌بینین. گرنگترین و تازەترین ئاڵوگۆڕەکان کە لەو بارەیەوە بەرچاو دەکەون، بە باوەڕی ئێمە ئەمانەن:

● هەژاری و نەداری‌و گرانی‌و بێکاری لەلایەك‌و بێبەرنامەیی‌و کەمتەرخەمی‌و بێتوانایی کاربەدەستانی ڕێژیم بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان لە لایەکی دیکە، ژیانی زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵکیان توشی ڕۆژەشی‌و بێ ئاسۆیی کردوە. هەر لەو کاتەداو بگرە لە ئاکامی ئەم وەزعەدا پەرەگرتنی دزی‌و فەساد لە نێو دەزگای دەوڵەتی‌داو تووشبوون بە "مواد مخدّر"و زۆر نەخۆشی‌و گیروگرفتی دیکەی کۆمەڵایەتی لە نێو لاوان دا کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە جیاتی پێش پێگرتن‌و چارەسەرکردن پەرەشیان پێ‌دەدا، بێزاریی خەڵك لە وەزعەکەو هۆکاری سەرەکیی وەزعەکەی (کە ڕێژیمی فەرمانڕەوا لە وڵات دایە) بەوپەڕی خۆی گەیاندوە. وا دێتە بەرچاو کە چین‌و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ لەوە زیاتر نەتوانن باری ئەو ژیانە پڕمەینەتە لە کۆڵ نێن. هەربۆیە بڕیاریان داوە کاری خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی یەك لا بکەنەوە.

● لاوان و ڕووناکبیران بە گشتی‌و بە تایبەتی خوێندکاران‌و زانستگەیی‌یەکان بە لێبڕاوی‌یەکی زیاترەوە هاتوونە مەیدان، داخوازەکانیان ڕاشکاوانەتر دێننە گۆڕێ‌و بۆچوونەکانیان لەبارەی ڕێژیمی ئیسلامی‌و بناخە فکری‌و فەلسەفی‌یەکانیەوە بێپەردە دەردەبڕن. دروشمی دژی "ولایت فقیه"و داوای گۆڕینی قانوونی ئەساسی‌و داخوازی وەڕێخستنی ڕێفراندۆم بە ئاشکرا نیشانەی ئەوەن کە هەموو ئینسانە وشیارو تێگەیشتووەکان دەزانن مایەی تەواوی نەگبەتی‌یەکانی خەڵکی ئێران ئەم ڕێژیمە‌و ئەم قانوونە ئەساسی‌یەو ئەم سیستمە حکوومەتی‌یەیە. بە تایبەتی داخوازی ڕێفراندۆم بێپەردە داوای گۆڕینی ڕێژیمە. چونکە ئەوان باش دەزانن کە ڕێفراندۆم بۆ دیاریکردنی سیستمی حکوومەتی لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی‌دا ناتوانێ ئاکامێکی باشتر لە ڕێفراندۆمی ١٠و ١١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەبێ. ئاخر، کاربەدەستانی ڕێژیم ئەگەر ئەودەم تەنیا لە ئامرازی فریو و خەڵەتاندن کەلکیان وەردەگرت، ئێستا هەم ئەو چەکەیان (هەرچەند کەمتریش کاریگەر بێ) بە دەستەوە ماوەو هەم هێزی نیزامی‌و دارایی‌یان بۆ گۆڕینی ئاکامەکانی ڕێفراندۆم لەبەر دەست دایە. بە زمانی خۆیان بڵێین: ئەگەر ئەودەم تەنیا "تزویر"یان بە دەستەوەبوو، ئێستا "زرو زورو تزویر"یان لە دەست دایە.

● شتی تازەو جێگای هومێدی دیکە ئەوەیە کە دیتمان لە ڕاپەڕینی ئەم دوایی‌یانەی خوێندکاران دا خەڵکی دیکەش لە هەر جێیەك بۆیان کرا، تێکەڵی ڕاپەڕینی بێزاری دەربڕینی خوێندکاران بوون یان بە شێوەی ناراستەوخۆ پشتیوانی‌یان لێ‌کردن. لەوەش بگوزەرێین کە ڕاپەڕینی خوێندکاریی ئێستا ئیدی تەنیا مەسەلە تایبەتی‌یەکانی خوێندکاران ناهێنێتە گۆڕێ‌و داخوازە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌یەکانی بەرینترین توێژەکانی کۆمەڵ زەق دەکاتەوە.

● لە بزووتنەوەی نارەزایی ئەم دوایی‌یەدا، داخوازە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلانی بەشخوراوی ئێرانیش هاتوونەگۆڕێ. ئەگەر جاران تەنیا لە کوردستان بوو کە خەڵك باسیان لە مافی نەتەوایەتی‌و سپاردنی کاروباری ناوچە کوردنشینەکان بە نوێنەرانی هەڵبژێراوی خەڵك دەکرد، لەم دوایی‌یەدا گەلانی دیکەی ئێرانیش: ئازەربایجانی‌یەکان، بەلووچەکان، عەرەبەکان‌و تورکمەنەکان، هەرکامە بەجۆرێك ئەو داخوازانەیان هێناوەتەگۆڕێ‌و پێویستیی لەبەرچاوگرتنی تەرکیبی نەتەوەیی کۆمەڵی ئێرانیان وەبیر هێناوەتەوە.

ئەوانەی باسمان کردن بەشێك لەو شتە گرنگانە بوون کە لەبەرەی خەڵك و لەم چەند مانگەی دوایی دا بە زەقی خۆیان نواندوەو سروشتێکی نوێیان بە بزووتنەوەی نارەزایەتی‌و بێزاری لە ڕێژیم‌و سیاسەتەکانی بەخشیوە. بەڵام جێگای سەرنجە کە لەبەرەی دەسەڵاتی فەرمانڕەواش دا هێندێ دیاردەی ـ هەر نەبێ بۆ هێندێك کەس ـ نوێ بەرچاو کەوتوون. لەوانە:

❖ دەکرێ بڵێین بۆ هەمووان دەرکەوتوە کە ئەم ڕێژیمە ناتوانێ لە نێوخۆی دا ئاڵوگۆڕی بەسەر دا بێ. ئەوەی پێی دەگوترا قۆڵی ڕیفۆرمخواز، هەرچەند لە سەرەتاشەوە شتێکی ئەوتۆی پێ نەبوو، لە بەرامبەر پاوانخوازەکان دا کەوتۆتە پاشەکشە. بەچۆك داهاتنی سەرسەختترین مۆرەکانی قۆڵی ناسراو بە ڕیفۆرمخواز ـ هۆیەکەی هەرشتێك بێ ـ نیشانەی ئەوەیە کە ئەوەی پێی دەگوترا ئیسلاحاتی حکوومەتی، وشکاوی هاتوەو لە جێدا زۆنگاوێك پتر نەبوو.

❖ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کە لە سەرەتاوەش لە ڕادەی نێونەتەوەیی‌دا تووشی جۆرێك تەریك مانەوە هاتبوو، هەرچەند بۆ ماوەیەك لە سایەی ئەو شانۆسازی‌یەی بە ناوی ئیسلاحات وەڕێی خستبوو، کەمێك جێی خۆی کردبۆوە ئێستا تووشی تەریك مانەوەیەکی زۆر بووە کە هەتادێ، پتریش پەرە دەستێنێ. ئەگەر بۆ ماوەی چەندین ساڵ هێندێ دەوڵەت‌و لایەنی بێگانە وایان دەزانی یان وایان دەنواند کە دەکرێ کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی دا گۆڕانی بەسەر دا بێ‌و خۆی لەگەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی‌و ڕێ‌وشوێنە نێونەتەوەیی‌یەکان بگونجێنێ، ئێستا بۆ زۆربەیان دەرکەوتوە کە هیوا بە گۆڕانی ئەم ڕێژیمە هیوایەکی بێ بناخە بووەو لە ڕاستی‌دا لە قۆڵی ناسراو بە ڕیفۆرمخوازیش ناهومێد بوون.

❖ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی تێ‌گەیشتوون کە کەوتوونە چ تەنگانەیەکەوە. ئەوان باش دەزانن کە نە لە نێوخۆی وڵات دا توانای وەڵامدانەوە بە داخوازەکانی خەڵکیان هەیە، نە لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی‌دا دەتوانن واز لە سیاسەتە چەوتەکانیان‌و لە دوژمنایەتی لەگەڵ ڕەوتی ئاشتی‌و لە کاری پەروەردەکردن‌و بۆ دەرەوە ناردنی تیرۆریزم‌و تیرۆریستان بێنن. هۆیەکەشی ئەوەیە کە پاشەکشە لە هەردوو مەیدانی نێوخۆیی‌و نێونەتەوەیی‌دا بە مانای پاشگەز بوونەوە لە بناخەو بایەخە فکری‌و فەلسەفی‌یەکانی خۆیان‌و لە ئاکام دا ڕوو وەرگێڕان لە تەواوەتی ئەو نیزامەیە کە ناویان ناوە "نظام عدل الهی".

❖ لەبەر ئەوەش کە دەمڕاستەکانی ڕێژیم باش دەزانن داخوازەکانی خەڵك لەنێو خۆی وڵات‌و ڕێ‌وشوێنە پەسندکراوەکانی کۆمەڵگای جیهانی هەردووکیان ڕوویان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆی دایە، هەوڵ دەدەن بۆ ڕزگاریی خۆیان‌و دەوڵەتەکەیان ناکۆکی‌یە نێوخۆیی‌یەکان لەبیر بەرنەوەو هەموو دەستە‌و تاقمەکانی نێو دەسەڵات بە یەکدەست بەرەنگاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نێوخۆیی ببنەوە، تا ئەگەر لەو بەشەدا سەرکەوتن، وەك جاران خۆیان بە ناوی "ئەمری واقیع" بە لایەنە ناوچەیی‌و نێونەتەوەیی‌یەکان بقبووڵێنن. دیارە ئەگەر لەو بوارەدا سەرکەوتن بەدەست بێنن ڕەنگە بتوانن بۆ ماوەیەکی دیکەش درێژە بە دەسەڵاتیان بدەن، با ئەو ماوەیە زۆریش کورت‌و زووتێپەڕ بێ.

❖ لەو حاڵەدا دەسەڵاتی فەرمانڕەوا هەروەك تا ئێستا دیومانە بە شێوەیەکی ئاشکراترو بەربڵاوتر ڕوو دەکاتە بەکارهێنانی زەبروزەنگ‌و ڕاونان‌و گرتن‌و زیندان‌و ئەشکەنجەو ئازارو تەنانەت ئیعدامی ئازادیخوازان. بەو پێیە ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاری دەبێ خۆیان بۆ بەرەنگار بوونەوەیەکی بەربەرینتر لەگەڵ دەزگای سەرکوت‌و زەبروزەنگ ئامادە بکەن. ئەو بەرەنگاربوونەوەیە دەتوانێ شێوەی جۆراوجۆری هەبێ. ڕێگای دروست ئەوەیە کە بە هەمووان و بە شێوەیەکی یەکدەست هێرشێکی ئەوەندە بەرینی وشیارکردنەوە دەست پێ بکەن کە ئەندامانی هێزە نیزامی‌و ئینتیزامی‌یەکانیش باوەڕ بە ڕەوایی داخوازەکانی خەڵك‌و نامەشرووع بوونی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بێنن. بە جۆرێك کە ئەگەر ڕۆژێك ڕێژیم فەرمانی کوشت‌و کوشتاریشی بەهێزە چەکدارەکانی دا، ئەو هێزانە بزانن کە ئەوانەی دەبێ کوشتار بکرێن هەموو چین‌و توێژەکانی کۆمەڵی ئێرانن‌و نیزیکترین کەس‌و کاری خۆشیان دەگرێتەوەو لە ئاکام دا ئەوان پشت لە ڕێژیم بکەن‌و پاڵ وە بزووتنەوەی خەڵك بدەن.

✧ ✧ ✧

لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتیش دا لە دوو بارەوە گۆڕانێکی باش "مثبت" بەدی دەکرێ. یەکەم ئەوە کە دەکرێ بڵێین ئەو گومانەی بۆ بەشێکی بەرچاو لە ڕێکخراوەکان‌و شەخسییەتەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەبارەی نێوەڕۆکی کۆماری ئیسلامی‌یەوە پێك هاتبوو بە تەواوی ڕەویوەتەوەو ئومێد بەستن بە خاتەمی‌و قۆڵی ناسراو بە ڕیفۆرمخواز کە گۆیا کۆماری ئیسلامی دێموکراتیزە دەکەن بە جارێك کۆتایی هاتوە. کار گەیوەتە جێگایەك کە ئیدی ڕێکخراوێك‌و تەنانەت شەخسییەتێکی سەربەخۆی ئۆپۆزیسیۆنیش نابینن کە باس لە هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە قۆڵەکانی نێو دەسەڵات بکا، یان وا بنوێنێ کە هیوایەکی بە گۆڕانی بەرەو باش لە کۆماری ئیسلامی دا هەیە.

دووەم دیاردەی جێگای خۆشحاڵی ئەوەیە کە زۆربەی هەرەزۆری حیزب‌و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن ناسکبوونی هەل‌ومەرجەکە تێ‌دەگەن، هەموو ئەوانەی هەست بە بەرپرسایەتی دەکەن وازیان لە شەڕە قەڵەم‌و هێرشی تەبلیغاتی بۆ سەر یەکتر هێناوەو لە هەمووی گرنگتر، کەوتوونەتە هەوڵی لێك نیزیکبوونەوەو بەرنامە داڕشتن بۆ کارو تێکۆشان‌و ئامادەن پێکەوە دانیشن‌و بیروڕای یەکتر ببیسن‌و تەنانەت لەگەڵ یەکتر هاوکاری بکەن.

ئێستا ئەو پرسیارە دێتە پێشێ کە ئێمە چیمان لە سەرەو دەبێ چ بکەین! ئێمە قەت نابێ ئەو ڕاستی‌یەمان لەبیر بچێ کە نەك هەر لە نێوخۆی کوردستانی ئێران دا خەڵك حیزبی دێموکرات بە بەرپرس دەزانن‌و چاوەڕوانی‌یان لێی هەیە، بەڵکوو ئۆگرانی ئازادی لە سەرانسەری ئێرانیش دا بۆ خەبات لە پێناوی ئازادی‌و دێموکراسی دا حیسابێکی تایبەتی لەسەر کوردستان دەکەن‌و هەموو ئەوانەش کە شارەزان حیزبی دێموکرات بە هێزی بنەڕەتی‌و مەسئوول لە ڕێبەری کردنی خەبات‌و تێکۆشانی خەڵکی کوردستانی ئێران دا دەزانن. لەو پێوەندی‌یەدا بەجێیە ئەوەش بڵێین کە بەشێکی زۆر لە حیزب‌و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران هەر لە چەند مانگی ڕابردوودا تەماسیان لەگەڵ ئێمە گرتوەو پێشنیاری دانیشتن و هاوکاری‌یان پێ کردووین. کەوایە حیزبی ئێمە لەم هەل‌ومەرجەدا دەبێ لەچەند بواردا هەنگاوی جیددی هەڵێنێتەوەو چەندیش بکرێ زووتر دەست بەکار بێ. بەشێك لەو کارانە کە پێویستە بەزوویی هەنگاویان بۆ بهاوێژرێ ئەمانەن:

پێش هەموو شتێك وەگەڕخستن‌و چالاکتر کردنی ڕیزەکانی حیزب‌و ئامادەکردنی کادرەکان‌و ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب بۆ پێشوازی لەو ئەرك‌و بەرپرسایەتی‌یانە کە قۆناخی تازەی خەبات دەیان خاتە سەرشانیان. ئەم بەشە لە ئەرکەکانمان هەم سەرتاسەری ئەندامانی حیزب لەنێوخۆی وڵات‌و دەرەوەی وڵات‌و پێرسۆنێلی تەواو وەخت‌و نیوەوەخت‌و تێکۆشەرانی دیکەی حیزبی هەریەکەی بە پێی شوێنی کارو دانیشتن‌و ئیمکاناتی خۆی دەگرێتەوە، هەمیش زۆر مەیدانی کاری تەشکیلاتی، تەبلیغاتی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی‌و دیپلۆماسی‌و هی دیکە دەگرێتە خۆی. بەبێ ئەم چەشنە ئامادەبی‌یە حیزبی دێموکرات نە دەتوانێ ئەرکەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێ‌و نە چاوەڕوانی‌یەکانی خەڵکی کوردستان‌و دۆستانی حیزب‌و بزووتنەوەی کورد لە دەرەوەی کوردستانی پێ وەدی دێن.

شاراوە نیە کە ئەم خۆئامادە کردنە چالاکتر کردنی پێوەندی‌و تێکەڵی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیشی لەگەڵە. چونکە سروشتی‌یە کە سەرچاوەی بنەڕەتیی هێزو توانای حیزب ئەوانن‌و بە بێ پشتیوانی‌و هاوکاری‌و هاوڕێیەتیی خەڵك کاری ئێمەو هەموو حیزبێکی گەلی‌و دێموکرات لەنگ‌و ناتەواوە.

مەسەلەی گرنگی دیکە چالاکتر کردنی پێوەندیی دیالۆگ‌و وتووێژ لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستانی ئێرانە. جێی خۆشحاڵی‌یە کە حیزبی ئێمە لەگەڵ تەواوی ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ئێران دا پێوەندی‌یەکی دۆستانەی هەیەو لەگەڵ هیچیان ناکۆکی‌و نێوان ناخۆشیی نیە. بەڵام ئەمە ئەگەر نەکرێتە زەمینەی لێك نزیکبوونەوەیەکی زیاترو ڕێککەوتن لەسەر هێندێ ئامانج‌و ئوسوولی هاوبەش‌و هەنگاوانانی وێکڕا بۆ وەدیهێنانیان، بەرهەمێکی لێ‌بەدەست نایە. ڕێککەوتن لەگەڵ هێزە کوردستانی‌یەکان دەبێ هەم بناخەیەك بۆ خەباتی هاوبەش لە پێناوی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە وڵات دا دابنێ، هەم ڕێ‌وشوێنی ڕوون‌و جێگای پەسندی هەمووان بۆ هێنانەگۆڕی داخوازەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتی دا دیاری بکاو هەم بناخەیەك بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەی کوردستان لە هەل‌ومەرجی ڕاگوازتن "شرایط انتقالی"دا دابڕێژێ. پێویستە هەوڵ بدرێ ئەو ئەسڵە هاوبەشانە ژمارەیەکی چەندی بکرێ زیاتر لە هێزو دەستەو تاقمە سیاسی‌یەکان لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە.

سەرەنجام یەکێك لە ئەرکە هەنووکەیی (فوری)یەکانی ئێمە هەوڵدانە بۆ پێکهاتنی یەکیەتی‌یەکی بەرین لە هێزە سیاسی‌یە دێموکراتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران‌و بە تایبەتی لێك وەکۆبوونی ئەو گرووپە سیاسی‌یانە کە نوێنەرایەتیی یەکێك لە گەلانی بەشخوراوی ئێران دەکەن. ئەم بایەخدانە تایبەتی‌یە لەبەر ئەوەیە کە ئەوان زیاتر دەردی بێ‌بەشی لە ماف‌و ئازادی‌یە نەتەوایەتی‌یەکان تێ‌دەگەن‌و دەکرێ و پێویستە حیزبی دێموکرات‌و تەواوەتی ئەو ڕێکخراوانە پێکەوە دروشمی هاوبەش بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلانی زۆرلێکراو لە چوارچێوەی ئێرانی دێموکراتیی ئایندە دا دیاری بکەن.

یەکگرتنی بەشی هەرەزۆری حیزب‌و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن هێزێکی جێگای متمانەو پشت پێ بەستن لە بەرامبەر دەسەڵاتی دیکتاتۆری‌دا پێك دێنێ کە بە یارمەتی‌و پشتیوانیی هەموو ئەو خەڵکانەی لە پشتی یەك یەکی گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن ڕاوەستاون، دەبێتە سەرچاوەیەکی لەبڕانەوە نەهاتووی هێز لە بەرامبەر هێزی تەریك‌و لە خەڵك دابڕاوی کۆماری ئیسلامی دا. هەر لەو کاتەدا بوونی جۆرێك هاوپێوەندی لە نێوان هێزە ناوچەیی‌و نەتەوەیی‌یەکان دا گڕوتینێکی دیکە بە بەر داخوازی مافە نەتەوایەتی‌یەکان دا دەکات‌و یەکدەنگی‌و یەکڕەنگی‌یەك پێك دێنێ کە عونسورە شۆڕێنیستەکانی نێو دەسەڵات‌و دەرەوەی دەسەڵات ئیدی نەتوانن داخوازەکانی گەلانی زۆرلێکراوی ئێران بە جیاوازی‌خوازی لە قەڵەم بدەن.

ئێستا با بزانین ئەو هاوکاری‌و یەکیەتی‌و یەکدەنگی‌یە دەبێ لەگەڵ کێ بێ‌و بناخەکانی یەکگرتن‌و هاوکاری‌و خەباتی هاوبەش دەبێ چ بن؟ بێگومان وتووێژو دیالۆگ لەگەڵ هەر هێزێکی سیاسی تەنیا بەو مەرجە کە پاڵی وەدوژمنانی ئازادی نەدابێ بەجێ‌و بەکەلکە. بەڵام یەکگرتن‌و هاوکاری شتێکی دیکەیە. هەر یەکگرتنێکی خەباتگێرانە ئەگەر لەسەر ڕیزە ئامانجێکی هاوبەش پێك نەهاتبێ‌و هەموو لایەنەکانی باوەڕیان پێیان نەبێ‌و بۆ وەدیهێنانیان تێ‌نەکۆشن، ناتوانێ یەکگرتنێکی جیددی بێ. دیارە ئەگەر جیددییش نەبوو ناتوانێ خێرێکی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نیشتمانی تێدا بەستە بێ. بەو پێیە، هەر یەکیەتی‌و یەکگرتنێك لە نێوان گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران دا پێویستە لەسەر ڕیزە ئامانجێکی

←

هاوبەشی نیشتمانی بێو تەنیا ئەو هێزانەش بگرێتە خۆی کە باوەڕیان بەو ئامانجانە هەبێو بە کردەوە بۆ وەدیهێنانیان تێبکۆشن. بە باوەڕی ئێمە هێندێ لەو ئەسلانە کە هێزە نیشتمانپەروەرەکانی ئێران بۆ یەکگرتن لە پێناوی گۆڕینی رێژیمو جێگیرکردنی رێژیمێکی گەلیو دێموکرات دا دەبێ لەبەرچاویان بنو بیان کەنە بەردی بناغەی یەکگرتنو هاوکاریەکەیان ئەمانەن:

لە پێشەوەی هەموو ئەسلەکان دا دێموکراسی خۆی دەنوێنێ. دێموکراسی وەك ئەسلێکی حاشاهەلنەگری کۆمەلگای مرۆڤایەتی ئەمڕۆ دروشمی سەرزاری هەمووانە. رەنگە بکرێ بلێین لە رابردووش دا کەم حیزبو هێزو دەولەت هەڵ کەوتوون کە خۆیان بە دێموکرات نەزانیبێ. تەنانەت لە دنیای ئەمڕۆ دا هێندێك رێژیمی وەك کۆماری ئیسلامییش کە پێشتر دێموکراسییان بە مەقوولەیەکی رۆژئاوایی دەزانی، ئێستا زاراوەیەکیان بەناوی دێموکراسیی ئیسلامی داهێناوەو ئیددیعا دەکەن کە لە هەمووان دێموکراتترن. کەوایە، تەنیا ئیددیعای دێموکرات بوون بەس نیەو لە پلاتفۆرمی هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش دا هێنانی تەنیا وشەی دێموکراسی ناتوانێ کارساز بێ. بەڵکوو ئەو دێموکراسییە دەبێ تەعریف بکرێو بوارە جۆراوجۆرەکانی چەندی بکرێ، شی بکرێنەوە.

بۆغوونە یەکێك لە بەرچاوترین نوێنگەکانی دێموکرات بوونی سیستمێکی دەوڵەتی، دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان مەرکەزو بەشە جۆراوجۆرەکانی وڵات دایە. لە وڵاتێکی فرە نەتەوە "کثیر الملّە"ی وەك ئێران دا پێویستە زۆر بە روونی دیار بێ کە یەکێك لە بناخەکانی دابەشکردنی دەسەڵات دابەشکردن لەسەر بنەمای پێکهاتەی نەتەوەیی "ترکیب قومی"ی دانیشتووانی وڵاتە. بەو مانایە کە ناوچەی ژیانی هەرکام لە نەتەوەکانی ئێران بە یەکەیەکی جوغرافیایی بناسرێو چوارچێوەی ئەرکو سەڵاحییەتەکانی دیاری بکرێن. بە جۆرێکی روونتر بڵێین ئێمە بە پێویستی دەزانین کە یەکگرتنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن فیدرالیزەکردنی ئێران لەسەر بناخەی پێکهاتەی نەتەوەیی بە یەکێك لە ئەرکو ئامانجەکانی خۆی دابنێ.

مەسەلەی نەتەوایەتی نەك هەر لە وڵاتی خۆمان ئێران دا مەسەلەیەکی گرنگو بنەڕەتییە. بەڵکوو لە نیزیك بە چواریەکە چەرخی ئەم دوایییە داو تا ئێستاش زۆربەی هەرەزۆری گیروگرفتە نێوخۆییو ناوچەییەکان لە ناکۆکیی نەتەوایەتیو لە پێشێلکردنی مافەکانی نەتەوەیەك بە هۆی نەتەوەیەکی دیکەوە سەرچاوەیان گرتووە. بەو پێیە یەکیەتیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران دەبێ ئازایانە بەرەنگاری هەستی شۆڤێنیستیی چەند کەسو لایەنێکی دەمارگرژ "متعصب"و ئەفسانەی جیاوازیخوازی ببێتەوەو دروشمی روونو بێ پێچو پەنای لەبارەی چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتییەوە هەبێ. ئەم مەسەلەیە پێوەندیی بە چارەنووسی زیاتر لە ٥٥٪ی کۆمەڵی ئێرانەوە هەیەو بە چارەسەرنەکراوی هێشتنەوەی بە مانای گوێ نەدان بە ویستی زۆربەی دانیشتووانی ئێرانە کە بە هیچ جۆر لەگەڵ دێموکراسی یەك ناگرێتەوە.

هەر لەو پێوەندییەدا نابێ ئەوە لەبیر بچێ کە بەشێکی یەکجار زۆری ئێرانییەکان هەم لە دەورانی پاشایەتیو هەم لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی دا مافی بەشداریی وەك یەك لە کاروباری دەوڵەتی مەرکەزییان دا لێزەوت کراوە. تەنانەت لە زۆربەی هەرەزۆری دەورەکانی هەڵبژاردنی مەجلیسی شووراش دا لە رێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵ دراوە گەلانی زۆرلێکراوی ئێران نەتوانن نوێنەرانی دڵخوازی خۆیان بۆ مەجلیس هەڵبژێربنو جگە لەوە، ئەو کەسانەش کە بە ناوی نوێنەری ئەو خەڵکانەوە قوت کراونەوە لەباری ژمارەوە کەمتر لەو رادەیە بوون کە بە پێی نیسبەتی دانیشتووان بەر هەر ناوچەیەك دەکەوێ. لەو حاڵەدا دەبێ پلاتفۆرمی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەشداریی وەك یەکی خەڵکی هەموو بەشەکانی ئێران لە بەڕێوەبردنی کاروباری قەزاییو قانوون دانانو ئیجرایی دەوڵەتی مەرکەزی دا بخاتە بەرنامەی کاری خۆیەوەو دەستەبەر "تضمین"ی بکا.

ژنانی ئێران لە ماوەی نیزیك بە چارەکە چەرخێك دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دا بە کردەوە کراونە مرۆڤی پلە ٢و هەرچی زوڵمو ناهەقیو بێحورمەتییە پێیان رەوا بینراوە. هەر لەو کاتەدا ئەم توێژە لە کۆمەڵی ئێران وەك یەکێك لە چالاکترینو فیداکارترین توێژەکان لە خەبات دژی دیکتاتۆری دا خۆیان نواندوەو ئەگەر لە هەق دەرنەچین لە زۆر مەیدانی بەرەنگاریدا لە ریزی هەرە پێشەوە بوون. باشە، ئۆپۆزیسیۆنی ئێران کە دەیەوێ لە دواڕۆژی وڵات دا جێگای دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بگرێتەوە، نابێ بەرنامەو ریزە دروشمێکی روونو راشکاوانەی بۆ دابینکردنی بەرامبەریی تەواوی ژنو پیاو لە کۆمەڵ دا هەبێ؟ نابێ ئەو ئومێدە بە ژنان بدا کە لە ئێرانی سبەینێ دا ئەوان قەرەبووی هەموو ئەو زوڵمو زۆرەیان بۆ دەکرێتەوەو ئیدی چەوساندنەوەو خستنە پەراوێز بۆ هەمیشە کۆتایی دێ؟ تەنیا بە بوونی بەرنامەو دروشمی روون بۆ بەرقەرارکردنی بەرامبەریی ژنو پیاوە کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران دەتوانێ ئەم توێژە گەورەو گرانە رابکێشێتە مەیدانی خەباتێکی بێئەمان بۆ کۆتایی هێنان بە دیکتاتۆریی سەدەکانی نێوەڕاست، واتە نیزامی کۆماری ئیسلامی.

لاوانو بەتایبەتی توێژی روناکبیرو دەرس خوێندوویان هەم باری هەرەگرانی زوڵمو زۆری کۆنەپەرستییان لەسەر شان بووەو هەم لە خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامیو لە پێناوی جێگیرکردنی ئازادیو دێموکراسیدا بەرزترین رادەی قوربانییان داوەو بەربەرینترین بەرەبەرکانییان لەگەڵ کراوە. دژایەتیی رێژیمی ئیسلامی لەگەڵ لاوان تەنیا بە گرتنو زیندانو ئەشکەنجەو ئازارو تەنانەت ئیعدام کۆتایی نەهاتوە. بەڵکوو لەوانە بەربڵاوتر لە رێگای بێبەشکردنیان لە مافی وەك یەکی خوێندنی زانستگە، لە تەفریحی ساڵمو ئیمکاناتی رفاهیو لە رێگای هەوڵدان بۆ موعتاد کردنو بەلاڕێ دابردنەوە زەبریان لێدراوە. ئەمڕۆ بەشێکی یەکجار زۆر لە لاوانی وڵات یان بۆ راکردن لەو دۆزەخە کە رێژیم بۆی خولقاندوون رووبیان لە ئاوارەییو دەربەدەری کردوە، یان لە نێوخۆی وڵات دا تووشی نەخۆشییی جۆراوجۆری جیسمیو گیانیو کۆمەڵایەتیو لە هەمووان زیاتر بێهیواییو بێئاسۆیی هاتوون. پلاتفۆرمی هێزە پێشکەوتووەکانی ئێران دەبێ بەرنامەی بۆ گۆڕینی ئەم وەزعە نالەبارەی لاوان هەبێو ئاسۆیەکی تازە بەرەو داڕۆژ بخاتە بەرچاوی ئەم توێژە چالاکەی کۆمەڵو ئەم سەرمایە بەنرخەی داڕۆژی گەلو وڵات.

کرێکاران و بە چەشنێکی گشتی چینو توێژە زەحمەتکێشو کەم داهاتەکانی وڵات هەم زۆرترین مەینەتیو بێبەشییەکانیان لە سێبەری حکوومەتی ئیسلامی دا کێشاوەو هەم لە بەشی زۆری مافە چینایەتیو سینفییەکانیان بێبەش کراون. هەر لەو کاتەدا گەورەترینو بەربڵاوترین هێزی ئینسانی لە بزووتنەوەی بەرەنگاریو هەوڵدان بۆ گۆڕینی رێژیمی فەرمانڕەوا دا پێك دێنن. هیچ ئالتەرناتیڤێك ناتوانێ نیشتمانیو پێشکەوتنخوازو دێموکرات بێ ئەگەر گۆڕینی وەزعی وان و گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانیان لە بەرنامەی کارو تێکۆشانی خۆی دا دانەنێ.

هەروەك پێشتریش باس کرا، زۆربەی هەرەزۆری بێبەشیو رۆژڕەشییەکانی خەڵکی ئێران لە سیستمی حکوومەتیو بناخەی فکریو فەلسەفیی ئەم رێژیمەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەزموونی زۆر وڵاتی دیکەش نیشانی داوە کە هەروەخت ئیدئۆلۆژییەکی تایبەتی کراوەتە بناخەی سیستمی دەوڵەتداری، جگە لە ناتەواویو نابەرابەریو جیاوازیدانان لە نێوان هاونیشتمانان دا، بەرهەمێکی لێوەرنەگیراوە. بەو پێیە پلاتفۆرمی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لەسەریەتی وێڕای دانی ئەوپەڕی ئازادیو دانانی ئەوپەڕی رێز بۆ هەموو بیروباوەڕێکی مەزهەبی، جارێك بۆ هەمیشە دینو دەوڵەت لێك جیا بکاتەوە. سیستمی حکوومەتی پێویستە پەیڕەوی لە قانوونێکی گشتی بکا کە بە پێی ئەو هەموو هاونیشتمانان بە جیاوازیی رەنگی پێستو نەتەوەو ئایینو مەزهەبو رەگەزو جینسیشەوە خاوەنی ئەرکو سەڵاحییەتی وەك یەك بنو هیچ ئیدئۆلۆژییەکیش نەکرێتە بناخەو سەرچاوەی قانوونەکانی وڵات. تەنیا لەو حاڵەدایە کە مافی مرۆڤ بە مانای تەواوی وشەو بێ هیچ پێشگرو پاشگرێکی داتاشراوی وەك ئیسلامیو هتد دەتوانێ لە کۆمەڵ دا سەقامگیر بێ.

شتێکی زۆر گرنگی دیکە ئەوەیە کە بە پێی هەڵومەرجی ئێستا هەر یەکگرتنێك لە نێوان لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن دا دروست بێو هەر کۆبوونەوەیەك لەو پێوەندییەدا بکرێ زیاتر ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات دەگرێتە خۆی. کاتێك دەبینین زۆر لەوانەی بە ئاگاداریو رەزامەندیی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کۆنفرانسی بێرلین دا بەشدار ببوون، ئێستاش هەر لە زیندان دا بەسەر دەبەن، ئاشکرایە کە هیچ کەس لە ژوورەوە ناتوانێ بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆن دا سەفەری دەرەوە بکا. لە حاڵێك دا قەت نابێ لەبیرمان بچێ کە نەخشی بنەڕەتی لە ریسواکردنی رێژیمی فەرمانڕەواو گەیاندنی بە حاڵو رۆژی ئێستایدا لە ئەستۆی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆییە. کەوایە ئەم نەخشە سەرەکییە هەر دەبێ لەبەرچاو بێو ئەگەریش لە سەرەتای کار دا نوێنەرانی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ نەتوانن بەشداری کۆبوونەوەکانو خودی پلاتفۆرمەکە بن، دەبێ چەندی بکرێ مەشورەتیان لەگەڵ بکرێو بۆ قۆناخەکانی دواتریش جێگایان بپارێزرێ.

یەکی دیکە لەو مەسەلانە کە دەبێ لە هەر پلاتفۆرمێك دا لەبەرچاو بن، چارەنووسی ئەو هەزاران زیندانیو دوورخراو و ئاوارەو لە کار دەرکراوەو هەروەها بنەماڵەی ئیعدام کراوو تیرۆر کراوەکانە. بەداخەوە سەرژمێریەکی ورد لەبەر دەست دا نیە کە ژمارەی دروستی ئەوانە نیشان بدا، بەڵام بێگومان ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئاکامی سیاسەتە دژیگەلییەکانی کۆماری ئیسلامی دا بەجۆرێك ژیانیان لێ تێك چووە کەمتر لە سێ میلیۆن کەس نیە. یەکگرتنێك لە ئۆپۆزیسیۆن کە دەیەوێ رۆژێك دەسەڵاتی وڵات بەدەستەوە بگرێ، دەبێ پێشوەخت بەرنامەی بۆ چارەسەری گیروگرفتی ئەو بە میلیۆن هاونیشتمانانە خستبێتە بەرچاو و ئەو هومێدەی پێ دابن کە گۆڕانی سیستم لە ئێران دا سەرەتای گۆڕانێکی قووڵی کۆمەڵایەتییەو رێگایەکە بۆ کۆتایی هێنان بە رەنجو مەینەتی دەیان ساڵەی ئەو عەزیزانە. تەنیا لە وەزعێکی وا دایە کە ئەم هێزە مەزنە ئینسانییە لە پشتی بەرنامەکانی ئۆپۆزیسیۆن رادەوەستێ.

ئەو مەسەلەو گیروگرفتانە کە دەبێ لە بەرنامەی ئۆپۆزیسیۆنی یەکگرتوودا بگونجێنو رێگا چارەی روونیان بۆ بخرێتە بەرچاو زۆر لەمانە پترنو ئەم چەند ئەسڵەمان هەروەك نموونە خستە بەرچاو. بەڵام لە دوای هەمووی ئەمانە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ دەمێنێ کە ناکرێ لێرەدا قامکی بۆ رانەکێشرێ. ئەویش مەسەلەی پابەند بوونی هەمووان، هەموو ئەوانەی دەیانەوێ پێکەوە بۆ گۆڕینی وەزع لە ئێران دا کار بکەنو هەوڵ بدەن بە تێکڕاو بەندی رێککەوتننامەی دیاریکراو، نەك هەتا لاچوونی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو تا وەدیهاتنو سەقامگیر بوونی تەواوی ئامانجە دیاریکراوەکانە.

باسی ئەو مەبەستە بۆیە پێویستە چونکە هەر ئێستا جاروبارە دەبینینو دەبیسین کە هێندێ کەس بە ژێستێکی دێموکراتانەوە دەڵێن ئێمە پێکەوە کار دەکەین تا رووخانی کۆماری ئیسلامی. ئەودەم جوابی هەموو پرسیارەکان دەخرێتە بەر راپرسینی گشتی. ئەم قسەیە بە رواڵەت زۆر جوانەو ئێمەش دەڵێین کە ئاخر بڕیار لەسەر هەر مەسەلەیەك دەبێ کۆمەڵانی خەڵك بیدەنو ئەو بڕیار دانەش بە پێی قاعیدە یان لە هەڵبژاردن دایە یان لە راپرسین دا. بەڵام ئێمە باش دەزانین کە زۆر جار لە پشتی ئەم وتە بەڕێو جێیەدا نیازێکی خەراپ خۆی حەشار داوە. ئەویش خۆ دەرباز کردن لە بن باری ئەو قەولو بەڵێنانەیە کە بە نابەدڵیو لەبەر ناچاری دەدرێن. ئەو جۆرە کەسو لایەنانە دەیانەوێ بە جۆرێك خۆیان لە رێککەوتنێك دا جێ بکەنەوەو هێندێ شتیش بەرعۆدە بن. بەڵام سبەی رۆژێ هەر کە لە تەنگانە دەرچوون، یان توانایەکیان لە خۆیان دا بەدی کرد، بە بیانووی جۆراوجۆر لەبەری دەرچنو هیچ مەسئوولییەتێکیش وەئەستۆ نەگرن.

کەوایە لەسەر هەر پلاتفۆرمێك رێك کەوین دەبێ هەموو لایەنەکان بە روونی بەرعۆدە بن کە هەموو توانا کەسیو رێکخراوەییەکانیان تا وەدیهاتنی ئامانجەکان لە رێگای وەدیهێنانیان دا وەکار دەخەن. بۆ وێنە ئەگەر حکوومەتێکی کاتی دادەمەزرێ ئەو حکوومەتە بەرعۆدە بێ کە ئیمکانی دەست راگەیشتن بە راگەیەنە گشتییەکان بە شێوەیەکی وەك یەك بۆ هەمووان دابین بکاو هەر لەو کاتەدا کە یەکگرتن "ائتلاف" بۆ تەواوەتی بەرنامەکانی خۆی لە رادەی سەرانسەریی ئێران دا تەبلیغ دەکا، هەرکام لە لایەنەکانی ئەندامیش لە ئامرازە تەبلیغاتییە گشتیو رێکخراوەییەکان دا لایەنگرانی خۆی بۆ دیفاع لەو ئامانجانە هان بداو پابەندیی خۆی بە تێکڕای ئامانجە هاوبەشەکان دووپات بکاتەوە.

خۆ ئەگەر کاریش کێشایە راپرسین، پێویستە هەموو ئەوانەی ئەمڕۆ پلاتفۆرمەکە پێك دێننن سبەینێ بە خۆیانو و تێکڕای لایەنگرانیانەوە بە قازانجی پەسند بوونی بەرنامەی پلاتفۆرمەکە دەنگ بدەن.

هاوڕێیانی تێکۆشەر!

ئەمە کورتەیەکی بیروبۆچوونی دەفتەری سیاسی لەبارەی وەزعییەتی ئێستای ئێرانو ئەرکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو رێکخراوە نیشتمانییەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بوو. هیوادارم هاوڕێیان بە وردی لە باسو لێکدانەوەی ئەم بیرو بۆچوونەدا بەشدار بنو باسەکە بە تێبینییەکانی خۆیان دەوڵەمەندتر بکەن. دیارە پاش پەسند کردنی ئەم لێکدانەوەیە پێویستە کۆمیتەی ناوەندی سەڵاحییەتو بەرپرسایەتی بدا بە دەفتەری سیاسی بۆ ئەوەی لە پێناوی گەیشتن بە یەکگرتنێکی لەو بابەتە لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران دا هەوڵ بدا.

بە ئاواتی پێکهاتنی یەکگرتنێکی بەرین لە هێزە نیشتمانیو دێموکراتەکانی ئێران لە خەبات بۆ لابردنی کۆماری ئیسلامیو هێنانە سەرکاری رژێمێکی دێموکراتو گەلی لە وڵاتەکەمان دا.

***

درێژەی رێورەسمەکانی ٢ی رێبەندان لە دەرەوەی وڵات

ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان رۆژی هەینی ٢٠٠٣/١/٢٤ بە بەشداریی نیزیك بە ٦٠٠ کەس لە ئەندامانو لایەنگرانی حیزب، نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانو کوردەکانی دانیشتووی نۆرۆیژ لە تالاری "Skedsmo Samfann Shus"ی شاری ئۆسلۆدا بەرێوە چوو.

رێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"و ڕاگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ رێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزبو گەل دەستی پێکرد. پاشان بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزب بە بۆنەی ٢ی رێبەندانەوە لەلایەن هاوڕێ ساڵح وەلیزادە، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە نۆرۆیژ خوێندرایەوە. پاشان پەیامو بروسکەی پیرۆزبایی ئەو حیزبو لایەنە سیاسیو کۆڕو کۆمەڵە کلتوریانەش پێشکێش کران: پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی شیوعی کوردستانی عێراق، پارتی دێمۆکراتی کوردستانی تورکیە، کۆمیتەی هاوکاریی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، پارتی یەکیەتیی کورد لە سوریە، کۆمەڵەی کلتوری کورد، یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران (لقی نۆرۆیژ)، یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران (لقی نۆرۆیژ)، کۆمەڵەی کلتوریی کوردەکانی دانیشتووی شاری کۆنگ سڤینگر (Kong Svinger)، رێکخراوی یەکیەتیی فیدائیانی گەلی ئێران. هەروەها لەو رێورەسمەدا حیزبی سۆسیالیستی چەپی نۆرۆیژ (SV) بەناردنی هەیئەتێکی نوینەرایەتیی پێکهاتوو لە بەرێزان کنوت شلستادلی (Knut Kjelstadli)و ریساریسای (Resa Resaiee) بەشداری کردبوو. ئەو بەرێزانە هەرکام بە جیا پەیامی پیرۆزبایی خۆیانو حیزبەکەیان پێشکێش کرد.

پێویستە بگوترێ ساڵۆنی رێورەسمەکە بە وێنەی شەهیدانی گەلەکەمان، پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندیو دروشمی حیزبی ڕازبۆوە. رێورەسمەکە بە پێشکێش کردنی گۆرانیو هەڵپەڕکێی ڕازاوەی کوردی لەلایەن بەشدارانەوە تا کاتژمێژی ١ی بەیانی درێژەی کێشا.

☆☆☆

رێورەسمی ٢ی رێبەندان لە شاری هاوگسوند

کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە شاری هاوگسۆندی نۆرۆیژ ئێوارەی رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٠٠٣/١/٢٤ بەمەبەستی رێزلێنانو یادکرنەوە لە ٢ی رێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان رێورەسمێکی بە بەشداریی زیاتر لە ٢٥٠ کەس لە هاونیشتمانانی کوردی دانیشتووی ئەو شارە بەرێوە برد.

سەرەتا بۆ رێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەقیقەیەك بێدەنگی ڕاگیرا. پاشان هاوڕێ حوسێن عەبدوڵڵاهی پەیامی کۆمیتەی حیزبی بەو بۆنەیەوە پێشکێش کرد. بەدوای وێدا پەیامی کۆمەڵەی کوردی، یەکیەتیی لاوانو یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران خوێندرانەوە. رێورەسمەکە بە پێشکێش کردنی شێعرو پەخشان، چڕینی گۆرانیو هەروەها هەڵپەڕکێی ڕازاوەی کوردی تا کاتژمێر ١١ی شەو درێژەی کێشا.

☆☆☆

یادکردنەوەی ٢ی رێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری ستاوانگیردا

ئێوارەی رۆژی شەممە ١٨ی ژانویەی ٢٠٠٣ کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە شاری ستاوانگیر (روگلاند) رێورەسمێکی بە بۆنەی پەنجاوحەوتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە بەرێوە برد.

لەو رێورەسمەدا زیاتر لە ٣٠٠ کەس لە کوردەکانی دانیشتووی شاری ستاوانگیر بەشدار بوون. رێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی رێگای ئازادیی گەلەکامان دەستی پێکرد. پاشان پەیامی کۆمیتەی حیزب خوێندرایەوە. لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا ئەو حیزبو رێکخراوانە پەیامی خۆیان بەو بۆنەوە پێشکێش کرد: پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی رێکخستنی کورد لە سوریە، پارتی سوسیالیستی کورد (باکوور)، کۆمەڵەی کلتوری کورد.

رێورەسمەکە بە پێشکێش کردنیچەند گۆرانیی جۆراوجۆر لەلایەن هونەرمەندی ناسراو رەشید فەیزنژادو هونەرمەند دارا و هەروەها رشبەڵەك و هەڵپەڕکێی بەشداران تا کاتژمێر ١٢ی نیوەشەو درێژەی کێشا.

پەڵەیەکی ئەبەدی بە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامییەوە

(لە ٢٠ ساڵەی قەڵاچۆی خەڵکی گوندەکانی قەرەگۆڵو سەرچنارو سەوزیدا)

ڕۆژی ٧ی ڕێبەندانی ١٣٦١، ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە دەستی بە خوێنی کۆمەڵێکی دیکە لە خەڵکی بێدیفاعی کوردستان سوور کرد. "دیسان بیرەوەریی تاڵی قەڵاچۆ کردنی ژنو منداڵو پیرە پیاوی قارنێ، قەڵاتان، ئیندرقاش سەروکانی، کانیی مام سەیدەو دەیان گوندی دیکەو شارەکانی سنە، سەقز، بانەو مەهاباد لە دڵی گەلی کورد دا زیندوو بووە. پاسدارە خوێنمژەکانی ڕێژیمی کۆنەپەرست ئەمجاریش ڕووی ڕاستەقینەی ئیسلامی خومەینییان دەرخستو نیشانیان دا کە دوژمنی سوێند خواردووی تەواوی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانن." (١)

لەو ڕۆژەدا، خەڵکی بێدیفاعی سێ گوندی "قەرەگۆل"، "سەوزی"و "سەرچنار" لە ناوچەی چۆمی مەجید خانی مەهاباد کەوتنە بەر پەلاماری وەحشیانەی هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامیو لەئاکامدا لە دێی "قەرەگۆل" ١٨ کەسو لە دێی سەر چنار ٦ کەسو لە گوندی "سەوزی"یش ٢ کەسیان کوشت. قوربانییەکانی ئەو کارەساتە بریتی بوون لە:

شەهیدەکانی گوندی قەرەگۆل

١ـ مەلا عەلی بادینی ٥٠ ساڵە
٢ـ عومەر پیرۆتەسوور ٣٥ ساڵە
٣ـ عەلی سالك ٥٠ ساڵە
٤ـ ڕەحمان سالك ٢٠ ساڵە
٥ـ مەلا ئیسماعیل شازدە ٥٠ ساڵە
٦ـ کامیل شازدە ١٥ ساڵە
٧ـ مەحموود پیروتە سوور ١٥ ساڵە
٨ـ مستەفا تاشە ٤٠ ساڵە
٩ـ مەحموود عەبدوڵڵا ئەسڵ ٥٥ ساڵە
١٠ـ حاجی محەممەد سالك ٩٥ ساڵە
١١ـ حاجی محەممەدی مەرزینگ ٨٠ ساڵە
١٢ـ مامەند قەرەنی ١٢ ساڵە
١٣ـ عوسمان مەرزینگ ٣٥ ساڵە
١٤ـ مەحموود مەرزینگ ٣٠ ساڵە
١٥ـ برایم ئەلیاسی ٥٠ ساڵە
١٦ـ ئارەزوو پیرۆتە سوور ١٠ ساڵە
١٧ـ ئەبووبەکر پەیام ٣٠ ساڵە
١٨ـ محەممەد ئەمین قوربانی ئەقدەم ٥٠ ساڵە

شەهیدەکانی گوندی سەرچنار:

١ـ سووفی محەممەد ئەمین پوور ئامان ٩٠ ساڵە
٢ـ حاجی مستەفا چاوە ١٠٠ ساڵە
٣ـ حەسەن دلوار ٣٠ ساڵە
٤ـ ئەبووبەکر فەنایی ٤٥ ساڵە
٥ـ عوسمان فەنایی ٤٠ ساڵە
٦ـ زێنەب دلارام ٣٠ ساڵە

شەهیدانی خەڵکی سەوزی:

١ـ حەسەن دووژەمی ٢٥ ساڵە
٢ـ جەعفەڕ دووژەمی ٢٠ ساڵە

¤ ¤ ¤

ئەو کارەساتە دڵتەزێنە چۆن ڕووی دا؟

لە ڕۆژی ٧ی ڕێبەندانی ١٣٦١، لە شاری میاندواوەوە سەدان پاسدارو چەکداری دیکەی کۆماری ئیسلامی پەلاماریان بۆ سەر دانیشتووانی گوندەکانی قەرەگۆل، سەوزیو سەرچنار هێنا. ئەو هێزانە ڕۆژێك پێشتر لە نێوان ئەو سی دێیە کەوتبوونە بەر زەبری گورچوبڕی پێشمەرگەکانی هێزی پێشەواو ئێستا هاتبوون تا تۆڵەی تێك شکانی سەرشۆڕانەی دوینێی خۆیان لە خەڵکی ئەم چەند گوندە بکەنەوە. ئەوان بۆیە ئەو چەند گوندەیان بۆ مەبەستی چەپەڵی خۆیان هەڵ بژاردبوو، چونکە جگە لەوەی دانیشتووانیان وەك هەموو خەڵکی کوردستان حیزبدۆستو پشتو پەنای پێشمەرگە بوون، ژمارەیەکی بەرچاو پێشمەرگەشیان لێ هەڵکەوتبوو کە بەرپرسایەتیی تەشکیلاتیو نیزامییان لە سەر شان بوو.



فەتتاح عەبدوڵڵاپوور

ئەفسەر سالك

هاوڕێ فەتتاحی عەبدوڵڵاپوور کادری لەمێژینەی حیزب کە خۆی خەڵکی "قەرەگۆل"ە و ئەو کات پێشمەرگەی هێزی شەهید پێشەوا بوو، ڕووداوەکە بەم چەشنە دەگێڕێتەوە:

" سەعات ٩ی سەر لە بەیانیی ڕۆژی ١٣٦١/١١/٧، پاسدارەکان لە میاندواوەوە دێنو ئەو سێ گوندە گەمارۆ دەدەن. ئەوان لە هیچ کردەوەیەك دەست ناپارێزنو بێحورمەتییەکی زۆر بە ژنانو کچان دەکەن. لە ئاوایی قەرەگۆل مامۆستا مەلا عەلی بادینی پێشنوێژی ئاوایی، بۆ ئەوەی پاسدارە داخ لە دڵەکان لە ئەنجامدانی جینایەت بگێڕێتەوە، بە قورئانێکەوە دەچێتە پێش پاسدارەکانو داوایان لێ دەکا بۆ خاترو حورمەتی ئەو قورئانە واز لە ئەزیەتو ئازاری خەڵك بێنن. بەڵام بەکرێگیراوانی ڕێژیم نەك هەر هیچ چەشنە حورمەتێك بۆ مامۆستا مەلا عەلی دانانێن هەر لەوێ قورئانەکەی لە دەست دەردێننو پەڕپەڕی دەکەن، ئەویش وێرای خەڵکی ئاوایی دەدەنە بەر جنێوو بێحورمەتیو لێدان. دیارە مامۆستا مەلا عەلی مرۆڤێکی شۆڕشگێرو نیشتمانپەروەرو، زۆر دۆستو دڵسۆزو هاوکاری حیزب بوو. پاسدارەکان ئەوەیان باش دەزانی، هەر بۆیە وێرای پیاوەکانی دیکەی خەڵکی ئاوایی دەیبەن بۆ پێگەی پاسداران لە ئاوایی سەرچنار. پێویستە بگۆترێ لە دێی "سەوزی"یش هەر بەم چەشنە لەگەڵ خەڵك ڕەفتار دەکەنو هەر کەس لە ژنو پیاوی ئاوایی دەستیان دەکەوێ، هەر لەوێ دەیانکوژن یا دەیانبەن بۆ نێو پێگەی نیزامیی جێگیر لە سەر چنار. لەوێ بێ هیچ چەشنە لێپرسینەوەیەكو تەنیا بە تاوانی کورد بوونو خۆشەویستیی حیزبو پێشمەرگە دەیاندەنە بەر دەسڕێژو شەهیدیان دەکەن. تەرمەکەشیان لە نێو بەفر لە دەوروبەری پێگەکەدا فڕێ دەدەنو بۆ ماوەی نزیك بە یەك حەوتوو نایان دەنەوە. دوای تێپەڕینی یەك حەوتوو، تەرمەکان تەسلیمی ژنو منداڵو کەسو کاریان دەکەنەوە. تەرمی کوژراوەکانی گوندی سەرچنارو سەوزییش بۆ ماوەی چەن ڕۆژ هەروا لە کووچەو کۆڵانی گوندەکاندا دەمێننەوە . . . ."

***

خاتوو ئەفسەری سالك، هاوسەری هاوڕێ فەتتاحی عەبدوڵڵاپوور، خەڵکی گوندی قەرەگۆل، بۆ خۆی لە نزیکەوە شاهیدی پەلاماری جینایەتکارانەی پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی ٧ ڕێبەندان‌دا بووە. باوك‌و براکانی ئەفسەر خانم لە کاتی ڕووداوەکەدا پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوون. ئەو بەڕێزە بیرەوەریی ئەو ڕۆژە تاڵەی بەم چەشنە بۆ "کوردستان" گێڕایەوە:

تاڵترین بیرەوەریی ژیانم:

زستانێکی زۆر سارد بوو، بەفر تەواوی ناوچەی چۆمی مەجید خانی داپۆشیبوو. کەس ئەو ماڵو ئەو ماڵی بۆ نەدەکرا. هەتا بیریشم لەوە نەدەکردەوە لە ڕۆژێکی ئەوا ساردو سەرمادا پاسدارە خوێنمژەکان گەمارۆی ئاوایی‌یەکەمان بدەنو دەست بکەن بەئەزیەتو ئازار دانی خەڵك. بەڵام بەپێچەوانەوە، لەو ڕۆژەدا بەکرێگیراوەکان لە هەموو لایەکەوە دێیەکەیان گەمارۆ داین. کاتێك چاوم بە پاسدارەکان کەوت زۆر ترسام چونکە ئەو کات تەنیا خۆمو دایکم لە ماڵێ بووین. باوکم لەگەڵ سێ برام پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوون. ناچار لەگەڵ دایکم ماڵەکەمان بەجێ هێشتو ڕوومان کردە ماڵێکی تورك کە هەر لە ئاوایی‌دا بوون.

پاش ماوەیەك سەردانی ماڵێم کردەوە. بەڵام کە هاتم دەرێ هەر خەڵك بوو هەڵ دەهاتنو خۆیان دەشاردەوە. کاتێك ئەو دیمەنەم چاو پێ کەوت هێندەی دیکەشم ترس لێ پەیدا بوو. هەر چۆنێك بوو خۆم گەیاندەوە ماڵەکەمان. زوۆر باش دەمزانی ئەو ڕۆژە پاسدارەکان جینایەت دەخوڵقێننو بە خاتری باوکمو براکانم بێحورمەتییش بە من دەکەن. جەماعەتێکی زۆریان کۆ کردبۆوە. لە دڵی خۆمدا گوتم وا دیارە کاریان بە من نیە. هێندێك دڵخۆشیی خۆم دایەوە، لەو خەیاڵانەدا بووم کە چەند فەرماندەی بەکرێگیراوی پاسداران هاتنە نێو حەوشەکەمان. یەکێك لە فەرماندەرەکان پرسیاری باوکمو براکانمی لێ کردم. گوتم من نازانم لە کوێن، ئێوە بۆ خۆتان باشتر لە من دەزانن. هەر لەو قسانەدا بووین سەری چەند بۆشکە نەوتیان هەڵ گرتو چەند تۆنگەیەکیان پڕ لە نەوت کردو بە ماڵەکەیان داکردو لە پێش چاوم ئاگریان تێبەردا. یەکێك لە فەرماندەکان پێی گوتم ئەو ئاگرەت پێ چۆنە؟ گوتم: "خودا گەورەیە باوکمو براکانم خۆش بن مالی دنیا هیچ نیە." بەو قسەیەم هەڵ بەزییەوەو تۆڕە بووو گوتی: "زۆر دەم درێژی دەکەی! کورد وەك مار وایە هەتا سەری پان لێ نەکەیەوە دەست هەڵ ناگرێ."

بەڕاستی کاتێك چاوم بە سووتانی ماڵەکەمان دەکەوت، وەخت بوو گیانم دەرچێ، بەڵام هیچ دەسەڵاتێکم نەبوو. دوای چەند سەعاتێك کابرایەکیان بە لێدان هێنایە حەوشەکەمان. پەتۆیەکیان تێ وەرگرت بۆ ئەوەی ئاگری تێ بەردەن، کە چاوم بەو پیرە پیاوە کەوت ماڵە سووتاوەکەی خۆمانم لە بیر چۆوە. دەستم بە پاڕانەوە کرد. پاسدارێك لێم وەجواب هات گوتی تۆ بۆ ماڵەکەی خۆتان بگری، ئەو [کابرایە] دوو کوری پێشمەرگەیەو دەبێ بە سزای خۆی بگا، هەر چۆنێك بوو منداڵەکانی پێیان زانیو خۆیان گەیاندە ئەوێو خۆیان بە سەر بابیان کێشا. باش بوو لە سووتاندن نەجاتیان دا. بەڵام ئەوەندەیان قۆنداعە تفەنگ لێدا بێ سەرو زمان لەوێ خستیان. لە دڵە خۆمدا دەمگوت ئاگریان تێبەردابایە، باشتر بوو!

کاتێك پاسدارە خوێنڕێژەکان لە حەوشەکەمان چوونە دەرێو چاویان بە تراکتۆرەکەمان کەوت ئەویشیان ئاگر تێبەردا. هەر چۆنێك بوو تراکتۆرەکەم لە سووتاندن نەجاتدا. ئیدی بی‌خەبەر لەوە کە چ کارەساتێك بە سەر ئەو خەڵکەی گیرابوون هاتوە. بەڵێ جەماعەتێکی زۆر لە خەڵکی ئاوایی قەرەگۆل دەبەنە مولگەکەیان لە گوندی سەرچنار. نیزیك ئێوارە بوو یەکێك لە گیراوەکان بە شیوەنو گریانو لە خۆدان بەرەو ئاوایی قەرەگۆل دەهاتەوە! لێمان پرسی چ قەوماوە؟ گوتی: چەن کەس نەبێ هەموویان بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە قەتلوعام کرد!

بەڵێ کاتێك هەواڵی ڕاستمان پێگەیشت ١٨ کەس لە خەڵکی ئاوایی قەرەگۆل لە نیزێك پێگەی پاسداران لە سەرچنار قەتلوعام کرابوون. بۆ دەرمانیش پیاوێك لە ئاوایی‌دا نەمابوو. هەموویان لە ترسان هەڵاتبوونو ڕوویان لە ئاوایی‌یەکانی دیکە کردبوو. ڕۆژێك دوای ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە ئێمە ژنەکانی ئاوایی قەرەگۆل کۆ بووینەوەو بۆ وەرگرتنی تەرمی بێ گیانی شەهیدەکان چووینە ئاوایی "سەرچنار". بەڵام چوونمان بێ فایدە بوو، هیچ جوابێکیان نەداینەوە. نزیکەی دوای حەوتوویەك، حازر بوون جەنازەکانمان تەحویل بدەنەوە. جەنازەکان هەموویان لە ژێر سەهۆڵو بەفری زستان‌دا بەستبوویانو چەن سەعات بە پاچو پێمەڕە خەریك بووین تا لە ژێر بەفرمان دەرهێنان. چەند ڕۆژێك لە نێو مزگەوتی قەرەگۆل ئاورمان بۆ کردنەوە تا سەهۆڵ لە لەشیان بێتەوە. جا ئەمجار خودایە خۆ پیاوێك دەست ناکەوێت تا قەبرەکان هەڵکەنێ! ناچار ژنانی ئاوایی هەر بۆ خۆمان لە ماوەی چەند ڕۆژێك‌دا قەبری ئەو هەژدە شەهیدەمان ساز کردو تەسلیم بە خاکمان کردن."

(١)و (٢) ـ "ڕاگەیاندراوی دەفتەر سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی قەڵاچۆی خەڵکی بێدیفاعی گوندەکانی قەرەگۆل، سەوزیو سەرچنار" (١٣٦١/١١/١٥)

سەرچاوە: "کوردستان" ژمارە ٨٧، ڕێبەندانی ١٣٦١

تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

یونان

پێکهاتنی کۆبوونەوەیەك لەسەر مەسەلەی کورد

ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/١/٢٢ حیزبی دێمۆکرات مەسیحیی یۆنان بە هاوکاری گۆڤاری (Eiloupia) کۆبوونەوەیەکی لەژێر ناوی "بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستانو ئاکامەکانی شەڕ لەدژی عێراقو کاریگەرییان لەسەر کێشەی کورد) لەشاری ئاتێن پێتەختی ئەو وڵاتە پێك هێنا.

بۆ ئەو کۆبوونەوەیە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانو ژمارەیەك کەسایەتی سیاسیو ڕۆژنامەنووس بانگهێشت کرابوون. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا بەڕێز "مانۆلیس میلیاراکیس" (Manolis Milarakis) سەرۆکی حیزبی دێمۆکرات مەسیحیی یۆنانو ئەندامی خولی پێشووی پارلمانی یۆنان باسێکی لەسەر کێشەی کوردو ئاڵۆزی‌یەکانی ناوچە پێشکێش کردو پشتیوانیی خۆیو حیزبەکەی لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد دەربڕی. پاشان کاك عەلیی کوردۆخ مێژوو نووسی کورد دانیشتووی یۆنان وتارێکی لەسەر دۆزی نوێی کورد لە کوردستانی تورکیە پێشکێش کرد. بە دوای ئەودا نوێنەری کۆمیتەی حیزبەکەمان لە یۆنان باسێکی لەسەر وەزعییەتی کوردستانی ئێران پێشکێش کرد. بەڕێزیان لە باسەکەی‌دا تیشکی خستە سەر دوایین گۆڕانکاری‌یەکانی ئێرانو کوردستانو ئاماژەی بە سیاسەتو هەڵوێستەکانی حیزب لە بەرامبەر ئەگەری هەر گۆڕانکاری‌یەکی ناوچەدا کرد. هەروەها لە بەشێکی تری کۆبوونەوەکەدا نوێنەری حیزب وەڵامی پرسیاری بەشدارانی دایەوە. کۆبوونەوەکە پتر لە ٣ کاتژمێری خایاند.

کانادا

بەشداریی هەیئەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی حیزبی فێدرال دێمۆکراتی نوێی کانادا

بیستو یەکەمین کۆنگرەی حیزبی فێدرال دێمۆکراتی نوێی کانادا (N.D.P) لە ڕۆژانی ٢٤ تا ٢٦ی ژانویەی ٢٠٠٣ لە شاری تۆرینتۆی کانادا بەڕێوە چوو.لەو کۆنگرەیەدا وێڕای خستنە بەرباسی گەلێك مەسەلەی نێوخۆیی‌و نێونەتەوەیی، ڕێبەرایەتیی نوێی ئەو حیزبەش هەڵبژێردرا. هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی هاوڕێ شەریف بێهروز، بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی حیزب لە ئەنتاریۆی کانادا‌و هاوڕێیەتی سیروس ئەڵماسی، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە شاری تۆرینتۆ لەسەر داوای ڕەسمیی N.D.P، لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بوو. شایانی باسە حیزبی N.D.P، یەکێك لە ئەندامانی ئەسڵیی ڕێکخراوی ئەنتێرناسیونال سوسیالیستە.

نۆروێژ

زنجیرە پێشبڕکێیەکی وەرزشیو هونەری لە نۆروێژ

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٨ی ژانویەی ٢٠٠٣، ناوەندیی کلتووری کورد لە نۆروێژ بۆ پێشوازیی لە ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستان پێشبڕکێیەکی وەرزشیو هونەری لە نێوان ٢٠٠ کەس لە کوردەکانی دانیشتووی شاری "ترۆندهای" نۆروێژدا بەڕێوەبرد.

لە ئەنجامی ئەو زنجیرە پێشبڕکێیەدا کەلە ڕشتەکانی نەققاشی، نووسینی کوردی، شێعر، هەڵپەڕکێ، گۆرانی، زۆرانبازی، ملانەی دەستی، پینگ پۆنگو گێڕانەوەی بیرەوەری‌دا بەڕێوە چوو، لێژنەی داوەران ٣٢ کەسیان وك سەرکەوتوانی ئەم پێشبڕکێیانە دیاری کرد کە لەلایەن ناوەندیی کلتووری کوردەوە لە نۆروێژ خەڵات کران.

هەواڵە وەرزشییەکان

ئا: ئەشکان

پلەی سێهەمی زۆرانی شان‌و ملی فەرەنگیی ئێران بۆ شۆرش مستەفایی

یاریەکانی قارەمانیی زۆرانی شان و ملی فەرەنگیی ئێران کە لە شاری شیراز دەستی پێکردبوو، رۆژی ٢٠ی بەفرانبار کۆتایی پێ هات. لەم یارییانەدا شۆرش مستەفایی زۆرانەوانی کێشی ٥٥ کیلۆی ئوستانی کوردستان پلەی سێهەم‌و میدالێ برۆنزی ئێرانی وەدەست هێنا.

پلەی دووهەمی کاراتەی کیوکوشینی ئێران بۆ مەهاباد

یاریەکانی قارەمانیی کاراتە بە شێوەی کیوکوشینی ئێران بۆ دیاری کردنی تیمی میللیی وڵات بە مەبەستی بەشداری لە یاریەکانی قارەمانیی جیهان لە ژاپۆن، لە شاری کەرەج بەڕێوە چوون. لەم یاریانەدا کە رۆژی ٢٠ی بەفرانبار کۆتاییی‌یان پێ هات، تیمی کەرەج پلەی یەکەمی وەدەست هێناو بە دوای کەرەجدا تیمەکانی مەهابادو فارس پلەکانی دووهەم‌و سێهەمی ئێرانیان وەدەست هێنا.

سەرکەوتنی ژنانی کرماشان لە فووتسالی ئێراندا

تیمی فووتسالی ژنانی کرماشان لە درێژەی یاریی سەراسەری‌یەکانی فووتسالی ئێراندا رۆژی ٢٢ی بەفرانبار لە یاری‌یەکی بەهێزدا، ٤ ـ ٢ لە تیمی ئۆمیدی تارانی بردەوە.

یاری‌یەکانی کێش هەڵگری قارەمانیی ئێران‌و چەند سەرکەوتنێك

یاری‌یەکانی قارەمانیی کێش هەڵگری (وزنە بڕداری)ی ئێران کە لە شاری "نوور" دەستی پێ کردبوو، رۆژی ٤ی رێبەندان کۆتایی پێ هات. لەم یاری‌یانەدا یاریزانانی کورد دوو سەرکەوتنیان وەدەست هێنا. لە کێشی ٥٦ کیلۆدا، رەحمان عەزیزی لە کرماشان پلەی سێهەم‌و میدالی برۆنزی وەدەست هێنا. هەروەها لە کێشی ٧٧ کیلۆدا، جەلال زەمانی کێش هەڵگری ئیلامی پلەی دووهەم‌و میدالی زێوی وەدەست هێنا.

دوو میدالی زێوو برۆنزی زۆرانی ئێران بۆ لاوانی کرماشان

یاری‌یەکانی قارەمانیی زۆرانی ئازادی لاوانی (ژێر بیست ساڵ)ی ئێران کە لە شاری سێمنان دەستیان پێکردبوو، رۆژی ٤ی رێبەندان کۆتایی‌یان پێ هات. لەم یاری‌یانەدا زۆرانەوانانی کرماشان دوو میدالی زێوو برۆنزیان وەدەست هێنا. لە کێشی ٥٥ کیلۆدا، فەرهاد شیری پلەی سێهەم‌و میدالی برۆنزی ئێرانی وەدەست هێنا. هەروەها لە کێشی ٦٩ کیلۆدا، پەیمان گول محەممەدی پلەی دووهەم‌و میدالی زێوی وەدەست هێنا.

لیگی حیرفەیی فووتباڵی ئێران‌و سەرکەوتنەکانی تیمی زولفەقار نەسەب

لە درێژەی یاری‌یەکانی لیگی حیرفەیی فووتباڵی ئێراندا، یانەی پەیکانی تاران بە راهێنەریی بیژەنی زولفەقارنەسەب کە لە سەرەتای یاری‌یەکاندا بە شێوەیەکی لاواز خۆی پێشان دابوو، لەم دوایانەدا بە لابردنی لاوازی‌یەکانی لە بەرامبەر رەقیبەکانی‌دا چەندین سەرکەوتنی گرینگی وەدەست هێنا. ئەم یانەیە بە دوای سەرکەوتن بە سەر یانەی مەلەوان‌دا، ١ ـ ٠ لە یانەی بەرقی شیراز، ٤ ـ ١ لە یانەی ئەبوومو‌سلیمی خوراسان‌و ٢ ـ ١ لە سایپای تارانی بردەوە تا بە ١٨ خاڵ خۆی لە ریزی خوارەوەی ریزبەندی بێنێتە دەرو بچێتە پلەی حەوتەمی لیگی حیرفەیی. پێویستە بگۆترێ کە زولفەقارنەسەب لە ساڵەکانی ٧٢، ١٣٧٣ راهێنەری یانەی سایپا بووەو لەو ساڵانەدا سایپا بۆتە قارەمانی لیگی سەراسەریی ئێران.

سەرکەوتنی کچە وەرزشکارێکی سنەیی لە کاراتەی ئێراندا

مێهدی بەدری

کوردستان هەر چەند لە بواری ئیمکاناتی وەرزشی‌و پێڕاگەیشتنەوە یەکێك لە ناوچە دواکەوتووەکانی ئێرانەو کەوتۆتە بەر کەمتەرخەمیی بەڕێوەبەرانی وەرزشی ئێران، بەڵام یاریزانانی کوردستان سەرەڕای ئەو کەموکووڕی‌و گرفتانە، هەمیشە لە یاری‌یە سەراسەری‌یەکانی ئێراندا، بەشداریان کردوەو ئیستیعدادو لێهاتوویی خۆیان دەرخستوەو پلەو مەقامێکی باشیان وەدەست هێناوە.

نەرگێس ئەکبەری کچە یاریزانی سنەیی، یەکێك لەو لاوانەیە کە لە وەرزشی کاراتەدا، لێهاتوویی خۆیان دەرخستوەو چەندین پلەو مەقامی سەراسەریی ئەو وەرزشەیان لە ئاستی ئێراندا، وەدەست هێناوە. ناوبراو ساڵی ١٣٦٠ لە شاری سنە لە دایك بووەو ساڵی ١٣٧١ دەستی کردوە بە وەرزش‌و ئێستا قوتابیی ساڵی ئاخری "مهندسی بهروری"یە. وەك راهێنەریش لە خزمەت کچە وەرزشکارەکانی شاری سنە دایە.

ناوبراو ساڵی ١٣٧٢ هاتۆتە نێو ریزی قارەمانانی ئێران‌و لەو ساڵەوە تا ئێستا یەکێك لە پلەکانی یەکەم تا سێهەمی ئێرانی وەدەست هێناوە. شانازی‌یەکانی ئەم کچە وەرزشکارە بریتین لە: پلەی سێهەمی کومیتەی ئێران لە ساڵی ١٣٧٢ (ئیسفەهان)دا، پلەی یەکەمی کاتاو سێهەمی کومیتەو سێهەمی تاکەکەسیی ئێران لە ساڵی ١٣٧٥(تاران)دا، پلەی سێهەمی کاتای تیمی‌و سێهەمی کومیتەی تیمیی ئێران لە ساڵی ١٣٧٦ (تاران)دا. پلەی یەکەمی کومیتەی تاکەکەسی‌و یەکەمی کاتای تاکەکەسیی ئێران لە ساڵی ١٣٧٨دا، پلەی دووهەمی کاتای تاکەکەسی‌و سێهەمی کومیتەی تاکەکەسیی ئێران لە ساڵی ١٣٧٩دا، پلەی یەکەمی کومیتەی تاکەکەسی‌و دووهەمی کاتای تاکەکەسیی ئێران لە ساڵی ١٣٨٠دا. دوایین سەرکەوتنیشی دەگەڕێتەوە بۆ گەلاوێژی ١٣٨١و وەدەست هێنانی پلەی دووهەمی کاتای تاکەکەسیی ئێران‌و هەروەها ئەندامەتیی لە تیمی زانستگاکانی ئێراندا.

نەرگێس خان لە وتوێژێك لەگەڵ حەوتوونامەی ئاسۆ (ژمارە ٧)دا لە سەر کەموکووڕی‌و گرفتەکانی وەرزشی کوردستان‌و هەروەها وەرزشی ژنان دواوە. لەو وتوێژەدا سەبارەت بە چەندو چۆنی کاراتە لە ئوستانی کوردستان‌دا، دەڵێ: کاراتە یەکێك لەو وەرزشانەیە کە زۆرترین پلەو شانازییان بۆ کوردستان وەدەست هێناوە کە بەداخەوە ئەم وەرزشە سەرەڕای تێکۆشانی زۆری راهێنەرەکان‌و دڵسوزانی لە کوردستان‌دا، لە ئیمکاناتی وەرزشیی تایبەت بە خۆی بی‌بەشە، تەنانەت یەك ساڵۆنی تایبەتی بۆ وەرزشی ژنان لە کوردستان‌دا نیە." ناوبراو لە درێژەی قسەکانی‌دا سەبارەت بە چۆنیەتیی وەرزشی کاراتەو نەهێشتنی گرفتەکان چەند پێشنیاری هەیە کە بریتین لە: ئەگەر شیرکەت‌و سازمانە غەیرە دەوڵەتی‌یەکان وەرزشی کاراتە ببەنە ژێر پووششی خۆیان‌و یارمەتیی ماڵیی ئەم وەرزشە بکەن‌و بۆ بەرەو پێش چوونی کاراتە هەنگاو هەڵ گرن‌و داواکاریی وەرزشکاران‌و ئۆگرانی ئەم وەرزشە جێبەجێ کەن، دڵنیام کە سەرکەوتنی زۆرتری بە دواوە دەبێ، بەو مەرجەی کە خوشکان‌و ژنانیش بە بێ هێنانەوەی بیانوو روو بکەنە وەرزش، لە بەر ئەوەی کە وەرزش بۆ هەموو تەمەنێك بەکەلکە. هەروەها داوا لە دایك‌و باوکانی خۆشەویست دەکەم لەو فەرهەنگە هەڵەیە کە [دەڵێ] وەرزش بۆ ئافرەت نابێ دەس هەڵگرن‌و رێگا بە کچەکانیان بدەن تا بە پێی عەلاقەی خۆیان روو لە وەرزش کەن."

نەرگێس ئەکبەری یەکێك لەو لاوانەی کوردستانە کە سەرەڕای ئەو هەموو بێئیمکاناتی‌و کەموکووڕی‌یە توانیویانە لێهاتوویی خۆیان بەو شێوەیە دەربخەن‌و خۆیان وەك قارەمانێکی سەراسەری بە ئێران بناسێنن. بەڕاستی ئەگەر بەو شێوەیە کە نەرگێس خان پێشنیار دەکا، رێگا چارەکان بۆ بەرەوپێش بردنی وەرزش لە بەرچاو بگیرێن، لەوانەیە لە ساڵەکانی داهاتوودا، دەیان نەرگێس لە ئاستی نێوخۆی ئێران‌و تەنانەت دەرەوەی ئێرانیش‌دا خۆیان بنوێنن‌و بە هەموو کەسێ بسەلێنن کە لاوانی کوردیش خاوەنی ئیستیعدادن‌و لە توانایان‌دا هەیە پلەو مەقامی بەرز وەدەست بێنن.

کۆتایی هاتنی

دەورەیەکی دیکە لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی

رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ٨١/١١/٩ دەستەیەکی دیکە لە لاوانی بەهەست‌و نیشتمانپەروەری گەلەکەمان پاش کۆتایی هاتنی دەورەکەیان (دەورەی ١٤٦ی سەرەتایی پێشمەرگە)، تێکەڵ بە ریزی تێکۆشەرانی دیموکرات بوون. بەو بۆنەیەوە رێورەسمێك بە بەشداریی هاورێی بەڕێز فەتتاح کاویان، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات، هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی کومیسیونی سیاسی ـ نیزامیی حیزب، بەرپرس‌و کادرو پێشمەرگەکانی فێرگەو هەروەها کۆمەڵێك لە تیکۆشەرانی حیزب‌و بنەماڵەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسی لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزب بەڕێوە چوو.

رێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" دەستی پێکرد. پاشان بەڕێز فەتتاحی کاویان بەو بۆنەیەوە وتارێکی پێشکەش کرد.

بەڕێزیان لە قسەکانی‌دا وێرای سوپاس‌و ماندوو نەبوونی لە مامۆستایانی فێرگەو پیرۆزبایی لە بەشدارانی دەورەی ١٤٦ بە بۆنەی کۆتایی هاتنی دەورەکەیان، ئاماژەی بە سیاسەتە چەپەڵەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە خەباتگێڕانی رێگای ئازادی کرد.

کاك فەتتاح لە درێژەی قسەکانی‌دا گوتی:

ئێمە کە بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتیك لە ئێرانداو وەدەست هێنانی مافی خودموختاری بۆ گەلەکەمان خەبات دەکەین، دەبێ هەمیشە ئەو راستی‌یەمان لەبەرچاو بێ کە لە ئیلام‌و کرماشانەوە بگرە هەتا دەگاتە ناوچەی جەلالی‌یەکان، هەموومان کوردین‌و هیچ جۆرە جیاوازی‌یەکمان لە نێودا نیە. جیاوازی مەزهەبیش هیچ شتێك لەو واقعیەتە ناگۆڕێ. ئێمە بۆ مافی نەتەوایەتیمان خەبات دەکەین. دەردی هەموومان یەك دەردەو دەرمانی دەردەکەشمان خەباتی هاوبەشە بێ هیچ ئەملاوئەولایەك.

وەك پێشمەرگەیەکی ئەو حیزبە، داوا دەکەم با جاروبار گوێ بدەینە قسەی دوژمنەکانمان‌و کاروکردەوەکانیان بخەینە ژێر زەرەبینەوە بۆ ئەوەی بزانین دوژمنەکانمان چ شتێکیان پێخۆشەو بە شوێن چ مەبەستێکەوەن‌و کاتێك سەرمان لە مەبەستەکانیان دەرهێنا، جا ئەوجار راست بە پێچەوانەی ویستی ئەوان هەڵوێست بگرین. داخوا دوژمن ئەو کارەی ئێمەی پێخۆشە یان نا؟ ئەگەر پێی خۆش بێ، نابێ بیکەین یا بیلێین.

هاورێ کاویان پاشان لەسەر گرنگیی هەست کردن بە بەرپرسایەتی‌و پەیگیر بوون دواو گوتی:

هەر کارو بەرپرسایەتی‌یەك پێمان دەسپێرن، یا وەستۆی دەگرین، با کارو بەرپرسایەتی‌یەکی بچووکیش بێ، دەبێ بەوپەڕی عەلاقەو دڵبەستەیی‌یەوە بەڕێوەی بەرین‌و بە ئەنجامی بگەیەنین. دەبێ هەمیشە ئەو راستی‌یەمان لەبەرچاو بێ هەر کارێکی دەیکەین، یان هەر شتێکی دەینووسین، بێ هیچ ئەملاوئەولایەك پیشاندەری شەخسییەت‌و کەسایەتی خۆشمانە. بە قەولی یەکێك لە گەورە سیاسەتمەدارەکان " هەر کارێکی ئەرزشی کردنی هەبێ، ئەرزشی باشکردنی هەیە.

لەوەدا کە کورد بە گشتی نەتەوەیەکی ئازاو نەترسە بۆ هیچ کەس تەنانەت بۆ دوژمنەکانیشمان جێگای گومان نیە. ئەوە راستی‌یەکە هەموو کەس لێی ئاگاداره. بەڵام یەکێك لە کەموکووری‌یەکانمان ناپەیگیری بووە. بۆیە دەبێ بەوپەڕی توانامانەوە تێبکۆشین لە کارەکانماندا پەیگیر بین. کاری گەورەو دژوار پشووی درێژی دەوێ.

ئێمەی پێشمەرگە دەبێ ئەو راستی‌یەشمان لەبەرچاو بێ کە ئەوە ئێمەین بە گەلەکەمان قەرزدارین، نەك گەلەکەمان بە ئێمە. کەواتە هەتا ئەو رۆژەی وزەو توانامان لەبەردایە، دەبێ بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە پیرۆزە کە رزگاریی گەلەکەمانە بە دڵو بە گیان تێبکۆشین‌و لە بەرامبەر هیچ تەنگوچەڵەمەیەکدا سەر دانەنوێنین‌و هەنگاومان شل نەبێتەوەو بەو پەڕی هیواداری بە ئایەندەوە درێژە بە خەبات‌و تێکۆشانمان بدەین. لەوەش دڵنیابین کە سەرکەوتن‌و سەربەرزی هەر بۆ ئێمە رێبوارانی رێگای رزگاریی گەلەکەمان‌و خەباتگێڕانی رێگای ئازادی‌و دیموکراسی‌یەو شکست‌و سەرشۆڕی‌و مەرگیش هی دوژمنانی ئازادیە.

دواتر راپۆرتی ئامووزشیی فێرگە لە لایەن یەکێك لە مامۆستایانی فێرگەوە خوێندرایەوە. پاشان یەکێك لە هاورێیانی بەشداری دەورە بە نوێنەرایەتی لە لایەن سەرجەم بەشدارانەوە پەیامی کۆتایی دەورەی پێشکەش کردو لە پەیامەکەی‌دا وێرای ئاوڕدانەوەیەك لە وەزعییەتی ئەمڕۆی کوردستان، سوپاسی بەرپرس‌و کادرو پێشمەرگەکانی فێرگەی کرد بۆ ئەوەی کە لە ئەرکی پیرۆزی پێگەیاندنی لاوانی کوردستان‌دا ماندوویی نەناسانە تێدەکۆشن.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا هاورێی بەڕێز کاك محەممەد شەهرەوان ئەندامی کومیتەی ناوەندی خەڵاتی بەسەر ژمارەیەك لە بەشداران‌دا دابەش کرد.

نێوئاخنی بەرنامەکە ئاهەنگ‌و شێعرو گۆرانیی جۆراوجۆر بوون کە لە لایەن بەشدارانی دەورەوەو بە هاوکاریی کۆری هونەریی حیزب بەڕێوە چوون.

رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران هەموو

بەیانیان سەعات ٦/٥ تا ٨/٥

ئێواران سەعات ٦ تا ٨

بەکاتی تاران

لەسەر شەپۆلی کورتی ٧٥ میتر (فرێکانسی ٣٩٨٥ کیلۆهێرتز) بە دوو زمانی کوردی‌و فارسی بەرنامە بڵاو دەکاتەوە.

بەرنامەی کوردی سەعاتی ١٢/٥ی پاش نیوەڕۆ بەکاتی تاران لەسەر شەپۆلی کورتی ٤١ میتر بەرامبەر بە ٧٢٥٠ کیلۆهێرتز دووپات دەبێتەوە.

ژمارە تەلەفون‌و فاکس بۆ پێوەندی‌گرتن بە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانەوە:

تەلەفون: ٠٠٨٧١٧٦٢٢٨٠٧٣
فاکس: ٠٠٨٧١٧٦٢٢٨٠٧٤

لە دەرەوەی وڵات یارمەتی‌یە ماڵی‌یەکانی خۆتان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بدەن بەم حیسابە بانکی‌یە:

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

فیشە بانکی‌یەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆست بکەن:

A.F.K.B.P.102 75623
PARIS CEDEX 13
FRANCE

بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێموکرات‌و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 358 4 Feb 2003

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، بڕاوننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

کۆتایی هاتن بە دەستبەسەریی ٥ ساڵەی ئایەتوڵڵا مونتەزیری

لە سەرەتای مانگی ڕێبەندان دا، سەرئەنجام خامەنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ناچار بوو بۆ کۆتایی هێنان بە دەستبەسەریی ٥ ساڵەی ئایەتوڵڵا مونتەزیری مل بدا.

ئایەتوڵڵا مونتەزیری کە تا ساڵێك پێش مردنی خومەینی، جێنشینی ناوبراو بوو، سەبارەت بە ڕەخنە گرتنی لە کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکانی ئێران، لە بەرچاوی خومەینی کەوتو ئەو پۆستەی لێ وەرگیرایەوە. کاتێکیش خامەنەیی جێگای خومەینیی گرتەوە، مونتەزیری لە بەرامبەر ڕەفتارو کردەوەکانی ئەو بێدەنگ دانەنیشت. ڕەخنە گرتنی بەردەوامی مونتەزیری لە خامەنەیی و تاقمی دەسەڵاتدار بوو بە هۆی ئەوە لە ماڵەکەی خۆی دا زیندانی بکرێ. بەڵام ئەو دەستبەسەرییە نەك هەر مونتەزیریی لە ڕەخنەگرتن سارد نەکردەوە، بەڵکو لە ڕەوتی ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ٥ساڵی ڕابردوو دا، لایەنی ویستو داخوازەکانی خەڵکی گرتو پتر لە جاران ڕەفتارو کردەوەکانی دەسەڵاتدارانی خۆسەپێنی لەقاودا. هەر بۆیە ڕێزو خۆشەویستیی لە نێو خەڵك دا زیاتر بوو و داوای ئازاد کردنی بوو بە یەکێك لە داخوازەکانی کەسایەتییە سیاسی و ئایینییەکانی وڵات، داخوازێك کە سەرئەنجام تاقمی دەسەڵاتدار ملیان بۆ دا.

موهەندیس سەحابی

لە نامەیەکی سەر ئاوەڵادا بۆ سەرانی سێ دەسەڵاتی ڕێژیم:

ئێعدامم کەن با ڕزگار بم

موهەندیس عێزەتوڵڵا سەحابی لە شەخسییەتە میللی و مەزهەبییەکان و کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی ئێران لە نامەیەکی سەر ئاوەڵادا بۆ سەرانی سێ دەسەڵاتی قانووندانان، قەزایی و بەڕێوەبەردن، سکاڵای خۆی لە دەست ئازارو ئەزیەتی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم، دەربڕی. لەو نامەیە دا کە ڕۆژی ٧ی ڕێبەندان بڵاو بۆوە، موهەندیس سەحابی پاش ئاماژە بە ١٢ ساڵ زیندانی کرانی لە حکوومەتی کودیتایی و چەند جار گیران لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دا، باسی گیرانی دواجاری خۆی لە سەرماوەزی ١٣٧٩دا دەکا و دەڵێ: "... لە کاتی لێکۆڵینەوەکانی ١٢ مانگی و ٢٠٠٠ لاپەڕی دا، ئارەزووی ئێعدامم دەکرد. هەر بۆیە بە" بازجو" یەکانم دەگوت چتان پێ خۆشە بینوسن، ئەمنیش بۆتان ئیمزا دەکەم بەڵکو ئێعدامم بکەن و لەم چەشنە بازجوویی یە کە لە ٥٠ ساڵی ڕابردوودا وێنەی نەبووە، ڕزگارم بێ."

موهەندیس سەحابی هەروەها دەنووسێ: "پاش کۆتایی هاتنی دادڕەسی بە وەسیقەی ٢٠٠ ملیۆن تمەنی ئازاد کرام و ئێستا چاوەڕوانی بڕیاری دادگام. مانای حوقوقی و قەزایی ئەو وەسیقە قورسەو ئەم ئازادییە ئەوەیە کە جارێ لە زیندان و لە ژێر لێکۆڵینەوەدا نیم. بەڵام فشارو هەڕەشەی جۆراوجۆرو ئازاری ڕووحی لەلایەن ئەو تیمانەی ساڵی ٧٩ و ٨٠ لە زیندانەکان لێکۆڵینەوەیان لێ دەکردم، هەر وا درێژەی هەیە." ئاغای سەحابی لە کۆتایی نامەکەیدا داوا لە سەرانی ئەو سێ دەسەڵاتە دەکا لەو هەموو فشارو ڕاوەدوونانە ناقانوونییە ڕزگاری کەن. سەحابی دەڵێ: "من ئامادەم بۆ هەر ماوەیەك و لە هەر کوێیەك دەڵێن، لە زیندانەکان بم بەڵام چونکە دڵنیام لە زیندانیش دا دەستم لێ هەڵ ناگرن، داواکارم ئێعدامم کەن و نەجاتم دەن."

سایتی: "ایران امروز"

مردن لە پەڕپەڕۆچکەی ئاسماندا

ڕۆژی١ی فێوریە (١٢ی ڕێبەندان) کەشتی ئاسمانیی کۆلۆمبیا، لە حاڵێکدا بە حەوت ئاسمانگەڕەوە، بەرەو زەوی دەگەڕایەوە، لە ئاسمانی تێکزاسدا تەقییەوە. "کۆلۆمبیا" کە ١٦ ڕۆژ بوو چوو بووە وێستگەی نێونەتەوەیی فەزایی، لەکاتێکدا تەقییەوە کە لە بەرزایی شەشهەزار میتریی زەوی بووو خێراییەکەی دەگەیشتە ١٩ هەزار کیلومیتر لە سەعاتدا. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکان، چوونەسەری گەرمای نێو کۆلۆمبیا بوو بە هۆی ئەو تەقینەوەیە. ئاسمانگەڕەکان١٥ دەقیقە پێش ئەوەی بگەنە سەر زەوی، پێوەندییان لەگەڵ ناوەندی فەزایی ناسا، پچڕا.

تەقینەوەی" کۆلۆمبیا" و مەرگی ئەو ٧ ئاسمانگەڕە کە ژنێکی هیندی و پیاوێکی ئیسرائیلییان لەنێودا بوو، لە ئاستی جیهاندا بوو بە هۆی داخ و پەژارەی هەموو ئۆگرانی لێکۆڵینەوەی زانستی و پێشکەوتن و داهێنان. لەئەمریکاش ڕێورەسمێکی تایبەتی لە" هوستون" کە بنکەی" ئاژانسی فەزایی ئەمریکا"(ناسا)ی لێیە، بە بەشداریی کەسوکاری قوربانییەکان، ئاسمانگەڕە قەدیمییەکان، کاربەدەستە پایە بەرزەکانی ئەمریکا و جۆرج بووش و لۆرای هاوسەری بەڕێوە چوو. بووش لەو ڕێوڕەسمەدا بە دڵێکی پڕلە ماتەمەوە قسەی کرد.

سایتی: B.B.C

مانا نیستانی

دوعایەکی بە پارێزەوەی کابرایەکی ناسیاسی!

لە کابرایەکی تارانییان پرسی:

سەرچاوەی هەموو نەهامەتی و بەدبەختییەکانی خەڵکی ئێران و هەموو غەدرو ستەم و جینایەتە کێیە؟

کابرا گوتی: من بابایەکی بێچارەم، کارم بەسەر سیاسەتەوە نیە، حەزیش ناکەم تووشی گێچەڵ بم. هەر ئەوەندە دەڵێم: یارەبی خودایە! سەبەبکار هەر کەسێکە دەستەکەی دیکەشی بپەڕێنی!

مرواریی دەریای وشە

- **میوان هەمیشە لەگەڵ خۆیدا شادی دێنێ. ئەگەر کاتی هاتنیشی نەیهێنێ کاتی ڕۆیشتن دەیهێنێ.** فرانسوا روشفوکوا، نووسەری قسەی خۆشی فەرانسەیی
- **سێکس شتێکە کە کاتێکی زۆر کەمی دەوێ، بەڵام دەردە سەری و گێچەڵی زۆر پێك دێنێ.** جان بریۆژر، هونەر پیشەی ئەمریکایی
- **تا لاو بووم، ئاواتم ئەوە بوو کاری گەورە گەورە بکەم، ئێستا بەوەندە ڕازیم خۆم تووشی ریسوایی نەکەم.** والتێر بیگات، ئابووریزانی ئینگلیسی

بە پشتیوانی لە داخوازەکانی ١٥ کیژۆڵەی مانگرتووی "بێژوێ"

بەر لە ماڵاوایی

دیاری و خێرو بێری نیزامێکی ئیسلامی بۆ "ئیسلام ئاباد"ەکەی!

کۆماری ئیسلامی دوای ئەوەی بە لەشکرکێشی و هێرشی خوێناوی دەسەڵاتی جەهەننەمیی خۆی بەسەر هەموو کوردستاندا زاڵ کرد، ناوی "ئیسلام ئاباد"ی لەسەر دێی "بێژوێ"ی سەردەشت دانا. ئەگەر ئەم نموونەیەی خوارەوە لە خزمەتکردنی ئەو ڕێژیمە بە "ئیسلام ئاباد"ەکەی بخوێننەوە، بەهاسانی دەتوانن لێکی بدەنەوە، سەرانسەری ئێران ـ کە بە دوای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمەدا بووە بە "ئیسلام ئاباد"ێکی گەورەتر ـ چی پێ براوەو چی دەسکەوت بووە!

***

١٥ کیژۆڵەی قوتابیی خەڵکی گوندی "بێژوێ"ی سەردەشت لەگەڵ دایکیاندا، لە سەرەتای مانگی ڕێبەندانەوە، لە وەزارەتی لەشساغیی کۆماری ئیسلامی لە تاران، مانیان گرتوە. ئەوان بە نوێنەرایەتیی ٧٤ کیژۆڵەی گوندی "بێژوێ" کە ماوەی ساڵێکە تووشی نەخۆشییەکی نەناسراو بوون، چوون بۆ تاران و داوای چارەسەری دەردەکەیان لە بەرپرسان و کاربەدەستان دەکەن.

نەخۆشیی کیژۆڵە قوتابییەکانی گوندی "بێژوێ" دەگەڕێتەوە بۆ پاییزی ساڵی ڕابردوو. ئەو نەخۆشییە ماوەیەك دوای واکسیناسیۆن (کوتان)ی منداڵانی ئەو گوندە، سەری هەڵدا. لە ئاکامی ئەو نەخۆشییەدا، گیرۆدە بووان تووشی ئەستور بوونی دەست و پێ، شان و مل ئێشان، زمان گیران و قسە بۆ نەکردن، ئازاری گورچیلە و لە پێ کەوتوویی بوون. نەخۆشیی مێرمنداڵانی گوندی "بێژوێ" لە چەند بارەوە بووە بە هۆی سەرنج ڕاکێشانی ڕاگەیەنەکان. ڕۆژنامەو کانالە تەلەویزیۆنییەکانی ئێران تا ئێستا چەند جار لەو پێوەندییەدا بابەت و ڕێپۆرتاژیان بڵاو کردۆتەوە. چۆنیەتیی سەر هەڵدانی ئەو نەخۆشییەو کەمتەرخەمیی دامودزگا دەوڵەتییەکان لەڕاگەیشتن بەو گیروگرفتە پڕ مەترسییەدا، بووە بە هۆی دروست بوونی دەنگۆو پرسیارو بیروڕای جۆراوجۆر لەنێو خەڵکدا.

بنەماڵەکانی ئەو نەخۆشانە لەبەر ناهومێدی لە چارەسەر کرانی منداڵەکانیان لە کۆماری ئیسلامی‌دا، داوایان کردوە ڕێکخراوی جیهانیی لەشساغی فریایان بکەوێ. هێندێك لەو بنەماڵانە ناچار بوون نەخۆشەکانیان بەرنە کوردستانی عێراق و تەنانەت بیانبەنە بەغدا. دوکتورەکانی نەخۆشخانەی "علویە"ی بەغدا بە کەس و کاری ئەو نەخۆشانەیان گوتبوو نەخۆشییەکە لە ئاکامی کەلك وەرگرتن لە واکسێنێکی ئەڵمانیی دژی سوورێژەدا کە ماوەکەی بەسەر چووە، پەیدا بووە.

ژمارەیەك لەو نەخۆشانە ڕایان گەیاندوە: ئەوان بەهۆی ئەو ماددەیەی لە واکسێنی ئەواندا بەکار هاتوە، تووشی نەخۆشی بوون. ئەو واکسێنانە پێشتر بۆ بنکەی بێهداشتی ئاوایییەکانی "بێتووش"و "دولکان" نێردرابوون، بەڵام بەرپرسانی ئەو بنکانە بەهۆی نائاسایی بوونی حاڵەتی ئەو بەناو واکسێنانە لە کاری ناکەنو دەینێرنەوە بۆ سەردەشت. بەڵام بەرپرسانی ناوەندی بێهداشتی سەردەشت، دواتر هەر ئەم واکسێنانە بۆ "بێژوێ" ڕەوانە دەکەن. ئەو ڕۆژەش کە واکسێنەکە لە کار دەکرێ، نۆبەی کچانی قوتابی بووە.(*)

سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کاربەدەستانی دەوڵەتی و حکوومەتی لەجیاتی هەڵگرتنی هەنگاوی بەپەلە بۆ چارەسەری ئەو دەیان منداڵە کە ماوەی ساڵێکە بەدەست ئازارەوە دەتلێنەوە، هەموو هەوڵیان ئەوەیە کێشەکە بشارنەوەو بەرپرسایەتیی ئەو ڕووداوە لەسەر شانی خۆیان لابەن. وەزیری بێهداشتی کۆماری ئیسلامی لە نامەیەکدا بۆ وەزیری فەرهەنگو ئیرشادی ئیسلامی، داوای لێ کردوە نەهێڵێ ڕۆژنامەکان لەو بارەوە هیچ هەواڵێك بڵاو کەنەوە. کاربەدەستانی ڕێژیم لە شاری سەردەشتیش هەڕەشەیان لەخەڵکی ئاوایی بێژوێ کردوە کە نابێ لەبارەی ئەو نەخۆشییەوە، لەگەڵ ڕاگەیەنەکان وتووێژ بکەن.

بەرپرسانی وزارەتی لەشساغی لەو چەند چاوپێکەوتن و دانیشتنەدا کە تا ئێستا لەگەڵ کەس و کاری نەخۆشەکاندا بوویانە، گوتوویانە ئێمە پێمان وانیە نەخۆشییەکە لەو واکسیناسیۆنەوە پەیدا بووە، بەڵکو لەو باوەڕە داین کە قوتابییەکان بە هۆی نزیکبوونەوەی کاتی تاقیکاریەکان تووشی دڵەڕاوکێ و نیگەرانیی زۆر هاتوون!

هەموو نیشانەکان ئەوە دەسەلمێنن کە مەسەلەکە لە دوو حاڵەت بەدەر نیە. زیاتر لە ٧٠ منداڵی بێژوێ یا لە ئاکامی بەکار هێنانی واکسێنی فاسیددا نەخۆش کەوتوون، یا دەرمانێکی تازەیان بە مەبەستێکی دژی ئینسانییەوە، لەسەر تاقی کراوەتەوە. لە هەر دوو حاڵەتدا خولقێنەری ئەو کارەساتە، دەستو پێوەندو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامین.

"کوردستان" پشتیوانیی خۆی لە داخوازی مانگرتووان ڕادەگەیەنێ و داوا لە هەموو مرۆڤە بە ویژدان و ئینساندۆستەکان دەکا لە دژی ئەم تاوانەی ڕێژیم لە کوردستان دەنگ هەڵبڕن و هەموو هەوڵو توانای خۆیان بۆ پشتگیری لە داخوازی مانگرتووان و چارەسەری نەخۆشەکانی خەڵکی بێژوێ بەکار بێنن.

سەرچاوەکان: ـ سایتەکانی "پیك ایران"، B.B.C persian، "ایران امروز" و "رادیو فردا"

(*) "کوردستان" نۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکرات ژمارە ٣٤٩ (٣ی خەرمانانی ١٣٨١)و ژمارەیەك لە هەواڵنێرانی "کوردستان" لە ناوچەی سەردەشت.